# توندوتیژی

## لە کۆمەڵگای چینایەتیدا

کاوە کەریم

# توندوتیژی

# لە

# کۆمەڵگای چینایەتیدا!

## کاوە کەریم

ناوی نامیلکە: توندوتیژی لە کۆمەڵگای چینایەتیدا

بابەت: کۆمەڵایەتی

نووسین: کاوە کەریم

پێداچوونەوەی: خەسرەو سایە، سەردار عبدلله

دیزاین: ئارام عەلی

بەرگ: سەردار عبدلله

سەرپەرشتیاری چاپ:

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢٣

# پێشەکی

توندوتیژی یەکێک لەدیاردە هەرە باو و بەربڵاوەکانی جیهانی ئەمڕۆیە، تەنەنات ناوەندەکانی لێکوڵینەوە ئەکادیمیەکان، هەزارن نووسەر و فەیلەسوف، لێکۆڵیار لەبارەیەوە نوسیویانە و بۆچونی خۆیان لەسەر دەربڕیوە. ئەم دیاردەیە بەهۆی ئەوەی کە بواری جیاجیا وشێوازی جۆراو جۆردەگرێتەوە، بۆتە دەستەواژەیەک لەمەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکری و فەلسەفیەکاندا ڕاوەستانی لەسەرکراوە و لەبارەیەوە قسە و باسی زۆری لەسەرکراوە و بەردەوامیش لەسەری دەکرێت.

ئەم دیاردەیە لەچەشنی توندوتیژی تاک، توندوتیژی جەستەیی، دەروونی، زارەکی، سێکسی، توندوتیژی دژ بەمنداڵان و ژنان، توندوتیژی خێزانی تا زۆرێک لە توندوتیژیەکانی تر، لەوانە توندوتیژی ڕێکخراوی دەوڵەتی، ئەشکەنجەدان و زیندانەکان تا تیرۆر وتەقینەوەکان تا جەنگە کاولکاریەکان و زۆر شیوازی تر درێژدەبێتەوە، کەهەر یەکەیان، باس و لێکدانەوەی تایبەتییان لەسەرە.

ئەوەی لەم نامیلکەیە مەبەستمانە، باسکردن نیە لەسەر هەموولایەن و شیوازەکانی توندوتیژی، بەڵکو هەوڵیکە بۆ وەلامدانەوە بەچەند پرسیارێکی سەرەکی کەلەپەیوەند بەم دیاردەیەوە دێتەکایەوە. پرسیارگەلێک سەبارەت بە ڕیشەی توندوتیژی لە کۆمەلگای چیانیەتیەکاندا بۆ کوێ دەگەڕیتەوە و چۆن ئاستە جیاجیاکانی کۆمەلگا دادەگرێ؟ پەیوەندی توندوتیژی بەململانێی چینایەتیەوە چیە و چۆن لەکۆمەلگا چیانیەتیەکاندا سەری هەڵداوە؟ چینەداراکانی کۆمەلگا بۆ چ ئامانجێک سود لە توندوتیژی وەردەگرن؟ ئایا توندوتیژی شۆڕشگێرانە لەلای چینە چەوساوەکان دیاردەیەکی ڕەوایەتی هەیە؟ ئایا دەکرێ دیاردەی توندوتیژی لەکۆمەلگادا بنبڕبکرێت؟ لە کۆمەلگای سوشیالیستیدا دیاردەی توندوتیژی چ گۆرانکاریەکەی بەسەردا دێت؟

هیوادارم بەم کارە ڕۆشناییەکمان خستبێتە سەر بابەتێکی ئاوا گرنگ و هاوکارییەکی بچوکیش بێت لەپێناو هۆشیاری زیاتری چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کردبێت.

کاوەکەریم
پایزی ٢٠٢٢

# دیاردەی توندوتیژی لە دوو بۆچووندا!

هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا کەدیاردەی توندوتیژی شێوازی جۆراو جۆر دەگرێتەخۆیی و بەم پێیەش مەیدانێکی فراوان لە لێکۆلێنەوە، بۆچوون، تێۆری جۆراوجۆری شیکاری بەخۆیەوە خەریک کردووە. لەوانە قوتابخانە فەلسفیەکان، بیۆلۆژیەکان، سیاسیەکان و کۆمەڵناسەکان، بەدەیان شێوەی جیاواز پێناسەی دیاردەی توندوتیژی وهۆکارەکانی دەکەن و لەبارەیەوە بەئەنجامی جۆراو جۆریش گەیشتوون، کە لێرەدا لەتوانادا نیە بەوردی ڕاوەستین لەسەریان.

هەروەک دیارە لەسەرەتاوە مەسەلەی توندوتیژی و جەنگ بەشێکی زۆری فەلسفەی یونانی کۆنی گرتبووەوە و زوربەی زۆری فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە ڕاڤەیان بۆ دەکرد. هیراکلیس دەڵێت: توندوتیژی پێویستی هەیە بۆ جیهان، هیچ شتێک بەبێ توندوتیژی نابێت، ئەگەر بتەوێت شتێ هەبێت، دەبێت شتێکی تر لابەریت. بەڵام بەشێکی تر لەفەیلەسوفەکان لە چەشنی سوکرات و ئەرستۆ، مەسەلەکەیان دەبەستەوە بە ڕەوشتەوە، ڕەوشتیش لای ئەوان زانیاری، مەعریفە، ئیرادە و هەڵسوکەوت دەکەن کە زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵ و ئیرادەی مرۆڤدا.

لە تیۆری بایۆلۆژیدا بۆ مەسەلەی توندوتیژی، بەشێک لەقوتابخانە کۆمەڵناسیەکاندا وای بۆ دەچن کە دیاردەی توندوتیژی بەشێکی جیانەکراوەی ڕەوشتی مرۆڤەکانە، کە بوونی لەجەستەی مرۆڤدا هەیە، ئەوەش بەهۆی بوونی هەژموونی پاڵنەری ئەندرۆگین لە لەشی مرۆڤدا، بەتایبەتی کە لەناو پیاواندا زاڵە، ئەم هۆرمۆنە کە لەڕۆژدا دبێتە هۆی هەڵچوون و تووڕەیی مرۆڤەکان. هەروەکو ئەوەی کۆمەڵناسی ئەڵمانی ئێریک فۆرم باسی دەکات کە مەیلی ڕوخێنەر ڕەگی لە سروشتی مرۆڤدا هەیە. هەروەها بەشێک لە زانایانی فیسولۆژی وای بۆدەچن کە لە مێشکی مرۆڤدا بەشێک هەیە کە ناوی "لیمبیێ"ە. ئەم سیستەمەش بەرپرسە لە هۆی بینینی توندوتیژی لە مرۆڤەکاندا و بەجۆرە دیاردەی توندوتیژییەکان لەمرۆڤی تاکدا و لە کردەیەکی فیزیکی و بایۆلۆژیدا دەبیننەوە. لەمەش زیاتر لەقوتابخانەی سایکۆلۆژیاکاندا دیاردەی توندوتیژی بەسلوکی تاکی مرۆڤەکانەوە دەبەستنەوە و

وەک بەرئەنجامێک لەتێکچونی باری دەرونی و ڕەوشت وهەڵسوکەتی مرۆڤەکان دەیبینن. فرۆید و قوتابیەکانی دوای خۆی فیری پۆلی و هۆرنی وای بۆدەچن کە دیاردەی توندوتیژی بەهۆی بوونی غەریزەی زیاتر و هەستکردنی مرۆڤ بە گوناح و دڵەڕاوکێ، یان هەستی سێکسیەوە ڕوودەدا، بەتایبەتیش توندوتیژی لەگەڵ کۆرپەییدا یان لە منداڵیدا کاتێک سەرهەڵدەدات کە خۆشەویستی لەدەست دەدەن و دەبێتە سەرچاوەی ئەو دیاردەیە لە مرۆڤەکاندا.

تێۆریەکی تریش هەیە کە بە تیوری کارمەندی بەناوبانگە، تێدا توندوتیژی هۆکاری کۆمەڵایەتیی هەیە، ئەوەش لە ئەنجامی وونبوونی پەیوەندی و خۆبەئەندامبوونی تاکەکانە لە کۆمەڵگە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە تاکەکان ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و دابوونەریتی باوی کۆمەڵ لەبیردەکەن و ڕەوشتی تاکی خۆیان پیادە دەکەن.

فەیلەسووفی فەڕەنسی ڕۆنژ ژرار وای بۆدەچێت کەبنەمای توندوتیژی ململانییەکانە لەسەر خواستی مرۆڤەکان، لەبەرئەوەشە کە خواستی مرۆڤەکان لەژێر یاساکان و دادگاکاندایە، خواستەکان لەبەرانبەر خواستەکانی ئەوانی تردان، لەبەرئەوەش کە ئەوانی تر کە خواستەکانیان بەهێزە و خواستی تاکیش بەهێزە، ئیتر لەمەوە توندوتیژی سەرهەڵدەدات، بەرئەنجامەکەشی دەبێت بە ململانێی نێوان مرۆڤەکان و ململانێی خواستەکان. بەهەمان شێوە تۆماس هۆبیس بیرمەندی بەریتانی وای بۆ دەچێت کە توندوتیژی لە ئاگاداری بوون و خۆبەزل زانینەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەموو ئەمانەش لەسروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە، کە یەکەمیان بەشوێن بەرژەوەندیەوەیە، دوەمیان بەشوێن ئاسایشەوە سومعەوەیە.

یەکێکی تر لەو فەیلسوفانەی کە باسی پرسی توندوتیژی و جەنگ و ئاشتی دەکرد، ژان ژاک ڕۆسۆیە. بە بڕوای ڕۆسۆ سروشتی گەردوون پێویستی بەوەیە کە هەمیشە ململانێی هەبێت. ئەمش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک ناتوانێت بەردەوام بێت لەبەختەوەری هەمیشەیی. جگە لەوەش خۆشبەختی یەکێکێیان هەمیشە پەیوەستە بە نەهامەتی ئەوی تریانەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی شکاندنی ئاشتی، کەلایەنی بریندار بەهرەمەند بووە! لێرەدا کە دژایەتی و ناکۆکی سەرهەڵدەدات، ئەم ململانێیانە لەئەگەری ئەوەی کەلایەنی توڕە بیەوێت بەرگری لەخۆ بکات لەو دەستدرێژییەی لەدژی دەکرێت. هەرچەندە ڕۆسۆ ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو ئەمانە بەس نین بۆ سەرەتای جەنگ، لێرەدا دەبینین کە هۆبۆس و ڕوسۆ لەڕووی تێڕوانینەکانیاوە بۆ بەستنەوەی سروشت بە جەنگ و توندوتیژیەوە جیاوازە، هۆبۆس دەبینێت کە دۆخی

سروشت دۆخێکی شەڕی هەمیشەییە و بەمجۆرە جەنگ شتێکە سەر بە سروشتی مرۆڤە. لەلایەکی ترەوە ڕۆسۆ تەواو پێچەوانەکەی دەبینێت. ڕۆسۆ دەڵێت هەموو توندوتیژی وململانێیەک تەنیا دەرئەنجامی کاریگەری کۆمەڵگایە لەسەر مرۆڤ، یان بەجۆرێکی تر مرۆڤ بێتاوانە، ئەوە کۆمەڵگایە کە دێت و کارێک دەکات مرۆڤەکان ببنە بوونەوەرێکی گەندەڵ.

هەندێکی تریش ڕاڤەیان بۆ توندوتیژی ئەوەیە کە گروپ یان کۆمەڵ بەشوێن بەرگری لەبیرۆکەکانیانەوەن، مرۆڤ پێویستی بەتوندوتیژیە بۆ ئەوەی بژی و مانایەک پەیدا بکات یان ململانێی بکەن بۆ ئەوەی بمێننەوە.

بۆچوونی تریش هەیە کە دەڵێت توندوتیژی گرێدراوە بە پیرۆزکردن و پیرۆزکردنیش گرێدراوی توندوتیژییە، هەردووکیانیش گرێدراوی ڕاستیەکانن یان بڕوابوون بەوەی ڕاستییە، ڕاستیش پیرۆزە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، لەبەرئەوە خوێنی بۆ دەڕێژن.

ئەوەی جێگای سەرنجە بۆچونێکی تریش هەیە کە زۆر بڵاوە و ڕەواجی هەیە، خاوەنەکانیان وای بۆ دەچن کە مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵدا لەسیفەتی توندوتیژیدا هاوبەشە، یان زۆر لەیەک دەچن و هەمان غەریزەی دوژمنکارانە و توندوتیژیان تێدایە، ئەو سیفەتە دوژمنکارانە لە ئاژەڵەکانەوە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە، ئەوەش هەرلەو کاتەی کە مرۆڤ پەیوەندیەکی بێئاگایی خۆی لەگەڵ ئاژەڵەکاندا لە مێژوودا دروست کردوە، ئەو سیفەتە دوژمنکارانەیەش لەپێناو مانەوە بووە.

لەلای مارکسیش توندوتیژی دیاردەیەکە لە سیستمە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانەوە سەرچاوەدەگرێ. سیستەمێک کە کار تیدا ژێردەستەیی بۆ چینێک و باڵادەستی بۆ چینێکی تر کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانە بەرهەم دەهێنێت. لە ئەنجامی دابەشبوون و لەکاردابەشکردنی کۆمەلایەتیدا پەیوەندی و ململانێی ئەم دووچینە دروستدەبێت، کەبەهۆیەوە توندوتیژی سەرهەڵدەدات بۆ سەرتاپای بوارە کۆمەلایەتیەکان شۆڕدەبێتەوە. واتە مارکس بەپێچەوانەی فەیلەسوف و بیرمەندەکانی سەردەمی خۆیەوە دیاردەی توندوتیژی بۆ خودی مرۆی و هەڵسوکەوت و باوەڕەکانی ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو وەک دیاردەیەک کە لەساختاری ئابوری وکۆمەڵایەتیدا ووەک بەرئەنجامێک لەهەژاری و نەداری و ئەو ناعەدالەتیەوە سەرهەڵدەدات کە مرۆڤ و تاکەکان پێوەی گیرۆدەدەبن. بەم جۆرەش لەهەموو ئەم بۆ چوونانەوە دەتوانرێ دوو بۆچوون و دوو ڕەوانگەی سەرەکی دەربارەی دیاردەی توندوتیژی بەشێوەیەکی گشی پۆلێن بکەیەن:

یەکەمیان: ئەو بۆچوون و ڕوانگەیەیە کەدیاردەی توندوتژی بەتاکی مرۆڤەکان ومەسەلە بایۆلۆژی و سلوکیەکانی خودی مرۆڤ دەبەستێتەوە و پێیان وایە توندوتیژی لە پێکهاتی مرۆڤ خۆیدایە و بەشێکە لەسروشتی. واتە مرۆڤی تاک بەو شیوەیەی کە بیردەکاتەوە، ڕەفتاریش دەکات و هەرکاتێک بیرکردنەوە و بۆچۆنی تاکەکان خراپبن ئاواش ڕەفتاری توندوتیژی دەگرنەبەر، ئەم کردەیەش بە بەبشێک لەسروشت و ڕەوشتی مرۆڤ دەزانێت.
دووەمیان: توندوتیژی بەدیاردەیەکی کۆمەلایەتی دەبینی و پێی وایە ئەوە دۆخ و حاڵەتە کۆمەلایەتیەکانە کە مرۆڤەکان گیرۆدە بەدیاردەی توندوتیژی دەکات.

ئەگەر لەدیدەگایەکی ڕەخنەگرانەوە لە هەموو ئەو شێوانەی توندوتیژی و هەموو ڕێکار و یاساکان بڕوانین، دەبینین هەموویان بەرئەنجامی سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵگان، ئەو کۆمەڵگایەش هەڵەوگێڕاوە و لەسەر قاچی سروشتی خۆی نییە. کۆمەڵگایەکە کە سیستەمێک بەڕێوەی دەبات لە ناداپەروەرە لە دابەشکردنی سامان و خێروبێری کۆمەڵگا، سیستەمێکە کە برسێتی، هەژاری، بێئومێدی بۆ مرۆڤەکان فەراهامکردوە، کە بەهۆیەوە بەشێکی تاکەکانی کۆمەڵگا ناچار دەبن پێداویستیەکانی ژیانیان پێشنۆرەیی بێت، هەوڵی بۆ دەدەن پێناگەن یان سەخت دەبێت بۆیان، لەم نێوەشدا توندوتیژی دێتە مەیدان، لە کۆتایەکەشیدا دەبن بە قوربانی ئەو توندوتیژییە.

کاتێکیش چینی دەسەلاتدار، فیەلەسوف، قەڵەم بەدەستەکان و یاسادانەرانیان باس لەم دیاردەیە دەکەن و شیکردنەوەی بۆ دەکەن، خۆیان لە مەسەلەی سەرەکی و لە هۆکاری دیاردەکە دەدزنەوە و ناچنە سەر بنەمای هۆکاری کێشەکە، یان ناچنە سەر ئەو توندوتیژیەی کە بەرئەنجامی سیستەمی سیاسی و ئابووری خۆیانەوە بەرهەم هاتووە، یان بە شێوەیەکی تر هەموو توندوتیژیەکان دەخنە سەرشانی قوربانی کێشەکە و زیاتر تاک بەتاوەنبار دەزانن، یان خۆیان لەو توندوتیژیە لادەدەن کە خۆیان ئەنجامی دەدەن لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی چینایەتی خۆیان. هاوشان هەر جوڵانەوەیەکی خەڵکی بۆ بەرگری لەمافەکانیان، هەر شۆڕشێک، یان خرۆشانێکی

جەماوەری دەخرێتە بازنەی توندوتیژیەوە و بە هەموو شێوەیەک سەرکوتی دەکەن و توندوتیژی نامرۆڤانەی لەبەرانبەردا بەکار دەهێنێن.

بەشێوەیەکی گشتی لەزانستی کۆمەڵناسی وفەلسەفییەکاندا دوو ڕوانگە بەرجەستەیە، یەکەمیان هەردیاردەیەک لە چوارچێوەی هۆکارە کۆمەلایەتیەکان و سیستمەکاندا لێکدەداتەوە بۆ ڕیشەکەی دەگەڕێت. ڕوانگەیەکی تر دیاردەکان دەباتەوە سەر تاکی ئینسانەکان و درکیان بۆ ژیان گوایە تاکەکان باوەڕیکیان هەیە و بەپێی ئەو باوەڕەش ڕەفتاردەکەن. بەڵام باوەڕ و ڕەفتاری تاک خۆی لەکوێوە هاتووە؟ سیستەمێکی سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی یان پێکهاتی بایۆلۆژی و فیزیکی تاک؟. لێرەشەوەیە کە ئەم روانگەیە پەنا بۆ پەروەردەی ئەخلاقی تاک دەبات تا دیاردەی توندوتیژی چارەسەربکات، نەک گۆرانکاری لەسیستەمێکیدا کە زاڵە بەسەر کۆمەڵگا و تاکەکاندا.

لە کۆتاییدا دەگەین بە ئەنجامێک کە هەموو ململانێی و توندوتیژیەک بەرهەم و بەرئەنجامی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتین. بۆیە قسەکردن و شرۆڤەکردنی و یان هەوڵدان بۆ نەمان، یان کەمکردنەوەی هەوڵێکی بێسوود دەبێت، ئەگەر نەتوانی چاوی ڕەخنە بخەیتە سەر سیستەمی ئابووری و سیاسیەکە ، یا خودی دەسەڵاتداریەتی. نەمان و بنبڕکردنیشی لەو کاتەدا دەبێت کە کۆمەڵگا بخرێتەوە سەر ڕێڕەوی سروشتی خۆی. کەتێدا سیستەمی ئابووری دەگۆڕێت لە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا، هەرلەبەر ئەو هۆکارەشە کە کاتێک ئێمە دێنە سەر باسەکەمان، جەخت لەسەر هۆکاری بنەڕەتی توندوتیژیەکان دەکەینەوە کەخۆی لە باسی ململانێی چینایەتی وتوندوتیژی چینایەتیە دەبینێتەوە، نەک توندوتیژییە تاکییەکان، چونکە سەرچاوەی هەموو شێوەکانی ئەو توندوتیژیانەش لەو ململانێی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.

# ڕیشەی توندوتیژی لە کوێدایە؟

ئاماژەمانکرد بەوەی کە توندوتیژی دیارەیەکی کۆمەڵایەتیەو لەسیستەمە ئابوری، سیاسی، یاسایی، فەرهەنگیەکانەوە سەرچاوەدەگریَ. ئەم بۆچوونە هێشتا گشتیە و پەنجە ناخاتە سەر ڕیشەی دیاردەکە. کەوایە ڕیشەی توندوتیژی لەکۆمەلگا چینایەتیەکاندا بۆ کویَ دەگەڕیتەوە؟

توندوتیژی لەبنەرەتدا لە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێناندایە، لە دەستەبەسەرداگرتنی کاری ئەوی تر و ڕیشەکەی لەدزینی کاروڕەنجی کارکردوان و کاردابەشکردنێکدایە، کە کار بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان ناچارەیە، تا بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان دابین بکەن و بۆ کەمایەتیەکیش کەخاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانن، نازونیعمەت و کۆکردنەوەی قازانجە. بەواتایەکی تر کار لەکۆمەڵگا چینایەتیەکاندا، بۆ ئەوانەی کە کاردەکان تا ژیانی خۆیان دابینبکەن ناچارییە و بۆ ئەوانەشی کەپارەدار و موڵک و هۆیەکانی کاریان بەدەستەوەیە، کۆکردنەوەی داهات و سەرمایەیە.

بەتایبەتی کە مرۆڤەکان بۆئەوەی ژیانی خۆیان دابین بکەن ناچارن بکەونە پەیوەندیەکی کۆمەلایەتیە و کاری بەکۆمەڵ بکەن تا ئەو کاڵا و شتوومەکانە بەرهەم بهێنن کە بۆ بەڕیوەبردنی ژیانیان پیویستە. بەڵام کاتێک کار زۆرەملێی بێت و ئامانج لێی قازانج و داهات لەدەستی کەسانێکدا کۆبکاتەوە، ئەوا ئەو بەشە لە مرۆڤەکان ڕووبەڕوی توندوتیژیەکی بەردەوام دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی سیستمە کۆمەلایەتیەکان، کەتێیدا کار دابەشکردنی کۆمەلایەتی لەنێوان ئینسانەکاندا، لەوانە کاری کارخانەیی، کاری بازرگانی، کار لەکەرتی خزمەتگوزاری، کاری ناومالّ، بانکەکان وهاتوچۆ و لە دەیان بواری تردا، سەرئەنجام بەهۆکاری ئەو دابەشکردنی کارەوە، کۆمەلگا شێوەیەکی تر وەردەگرێت، بو نمونە شار و لادیَ دادەمەزرێت. لەو کۆمەلگایەشدا وەک پیویستیەکیش ئەو بەشە لە خەڵک کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان باڵا دەست دەبن، بەم پێیەش لە پەیوەندیەکی بەرهەمهیان و

سیستمەیکی کاری ئاوادا چینە کۆمەلایەتیەکان سەرهەڵدەدەن و دەکەونە بەرامبەر یەکەوە.

وەک پیویستیەک بۆ ئەم حاڵەتە، دەوڵەت و سەرخانێکی یاسایی، دادی، ئایدیۆلۆژی و فەرهەنگی دیتەکایەوە، تا ئەم سیستەم و شێوازی دابەشبونەکەی بپارێزن، بەم نێوەشدا، پۆلیس و سوپا، زیندان و یاسا، جەنگ و سەرکوتگەری، دین و ئایدیۆلۆژیاکان بۆ هەتاهەتاییکردنی و ڕاگرتنی دەبنە پیویست. تا توندتیژی دەوڵەتی بەشێوەیەکی ڕیکخراو بەسەر کۆمەلگادا داسەپێنن و شەرعیەتی پێ بدەن. نارەزایەتی ئەو بەشە زۆرەی کە ڕەنجی کارەکەی دەدزرێت سەرکوت بکەن و بێدەنگ ڕایبگرن. ئەم واقعیەتە بەڕادەیەک توندوتێژی بەرهەم دێنیت کە تاک دەخاتە بەرامبەر تاکێکی ترەوە، لە خێزاندا هاوسەرو هاوژین لە دژی یەک دادەنێت، گەورەساڵان بەردەداتە گیانی مناڵان، کۆمەڵگا دەخاتە بەرانبەر بەسروشت و ئاژەلەکانەوە، دەوڵەتان و نەتەوەکان دەخاتە جەنگێکی نەبڕاوەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی چینی سەرمایەدار وخاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەبازاڕدا پارە و ئالوگۆڕی کاڵاکان و بەدەستهێنانی قازانجدا دەست ڕۆیشتوو بکات.

بەسەرنجدانێکی سادە لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کاتێک کرێکارێک ٨ کاتژمێر بۆ خاوەنکارێک کاردەکات وناچارە هێزی کاری خۆی بفرۆشێت، لە سیتەمێکی کاردا کە دەبێت هەمو شەرت و مەرجەکانی خاوەنکار قەبوڵ بکات، هەر ئەو کرێ کەمەی بەردەکەوێت کە بۆ بەشی ژیانێکی مەمرەمەژی دەکات. کاتێکێش کە ١٠ساڵ یان ١٥ ساڵ کاری کرد سەیردەکات هەموو کۆشەک و تەلارەکانی بەئاسمنادا بردووە بەڵام خۆی هێشتا کرێچیە، سەیردەکات، هەرچی داودەرمان و نەخۆشخانەکانی بەرهەمی هێناوە کەچی خۆیی و منالەکانی نەخۆش و پەکەوتەن، دەستیان بە چارەسەری تەواوی ناگات! سەیردەکات هەرچی پۆشاک، هۆیەکانی سەرگەرمی و خزمەتگوزاری و نازونیعمەت هەیە خستویەتیە بەردەم کۆمەلگا، بەڵام ئەو بێچارە و بێ پۆشاک و برسیە! لەپاڵ ئەم ڕاستیانەدا ئەوە دەوڵەتە یاسای باجگیری دادەنێن و دەست بۆسفرەکەی دەبات، بەیاسا لەسەرکار دەری دەکات، گرانی بەسەدا دادەسەپێنیت، جەنگەکان لەدژی بەڕی دەخات، هەر بە یاسا هاوسەرگیری و سەفەر و دەستگەشتن بە هۆیەکانی خۆشگوزەرانی لێ قەدەغە دەکات و سنورداریدەکات. ئەمەیە جۆرە

توندوتیژیەکی فرەڕەهەندی و فراوانی کۆمەلایەتی تا ئاستی تاک بەتاک وهەمو بوارەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لەبەردەم زۆرینەی کۆمەڵگا دەبێتە دیاردەیەکی شرعیەت پێدراو و سیستماتیک، هاوکات توندوتیژی دەبێتە حاڵەتێکی باو وخۆبەخۆ کە پیاو لەبەرامبەر ژندا، گەورە لەبەرامبەر منالدا لە خیزان، قوتابخانە، کارگە، کێڵگە، دامەزراوەکاندا و...هتد سەرهەڵبدات و دوبارەبونەوەکەشی ببێتە نەریت و فەرهەنگ، پاشان مەلا، قەشە، ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانێکیش بێن ڕەوایەتی پێبدەن و دۆخەکە بە هەتاهەتایی، ئیلاهی، یاسایی ،وفەرهەنگی ڕەسەنی باوباپیران بناسێنن.

بەڵام لەڕاستیدا ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ناخی ئینسانەکاندا بوونی نییە، بەڵکو ڕیشەکەی لێرەدایە، لەسیتەمی کار وستمەگەری و دەستبەسەردا گرتنی ڕەنجی ئەوانی تردایە، لەکاردابەشکردنێکدایە کە ئەم ستەمگەری و ڕەنجبردنە کردۆتە واقیع. چینە کۆمەلایەتیەکانی لەهەرقۆناغیکی کۆمەڵایەتیدا لەسەر دادەمەزرێنێت.
بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم ڕاستیە با بەکورتی ئاوڕیک لەکۆمەڵگا چینایەتیەکان بدەینەوە بزانین ڕیشەی توندوتیژی لەهەریەکەیاندا چۆن کاریکردوە یان کاردەکات.

# کۆمەڵگا سەرەتایەکان

لە کۆمەڵگا سەرەتایەکاندا کەسیستەمێک کار و وکاردابەشکردن تێدا سادەبووە و لەسەر بنەمای بردنی ڕەنجی بەشێک لە کۆمەلگا لەلایەن بەشیکی تروە دانەمەزرابوو. زیاتر کاری بەکۆمەڵ و دابەشکردنەوەی داهات بەپێی پیداویستیەکان بووە، ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕاوشکار و کۆکردنەوەی بەرهەمە سروشتییەکان بەدەستیان دەهێنا بۆ بژیوی هەموو کۆمەڵەکە بوو. توندوتیژی یاسایەک نەبووە لەنێویاندا و مرۆڤەکان زیاتر بەدەست زەبری سروشت و ڕوداوەکانیانەوە ناڵاندویانە. بەواتایەکی تر لەکۆمەڵگای کۆمۆنە سەرەتاییەکاندا، چینەکان بوونیان نەبووە، ژیانی مرۆڤەکان زۆر جیاواز بوو لەوەی ئێستا و ژیانێکی سادە دەژیان و لەشێوەی کۆمەڵی بچوکدا کۆدەبوونەوە، بەرهەمهێنان وپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر سادە بوون، بەرهەمی سروشتی دابینکەری بژیوی ژیانیان بوو، ژیانیان بەهەرەوەزی بوو، ئەوەی بەهەرەوەزی بەدەستیان دەهێنا، بە یەکسانی دابەشیان دەکرد لەنێوخۆی خۆیاندا، خاونداریەتی بوونی نەبوو، ئازادی تەواوی تاکەکان هەبوو لەهەڵبژاردنی شێوەی ژیان، سەردار و سەرۆک بوونیان نەبوو، دەوڵەت بوونی نەبوو، تەنانەت پێویستیش نەبوو. بە کورتی دەتوانین بڵێن لەو کۆمەڵگایەدا نەدەستبەسەرداگرتنی کاری یەکتر بونی هەبوە و نەچینە کۆمەڵایەتیەکانیش، بۆیە دەتوانین بڵێن لەو کۆمەڵگایەدا ئەوەی پێدەوترێت ململانێی چینایەتی بوونی نەبوو، بەوەش توندوتیژی جایگای نەبوو یان دەتوانین بڵێن بوونی هەر زۆر کەمبوو.

# کۆمەڵگای کۆیلایەتی

سیستەمی کۆیلایەتی لەدوای دارمانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمۆنەکانەوە سەریهەڵدا ، لە دەوروبەری ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین، تاکو سەردەمی سەدەکانی سێیەم و چوارەمی زایینی لەباکوری ئەفریقا و ئاسیا بەردەوام بووە، لە ئەسینا و ڕۆمای کۆندا گەشەی کرد تا سەدەی چوارمی زاینی.
لەم سیستەمەدا دەستبەسەرداگرتنی کارو ڕەنجی مرۆڤەکان لەلایەن بەشێکیی کۆمەلگاوە خۆی لە کۆیلەکردنەی بەشێکی تردا دەرخست. کۆیلە بوو بەو کەسەی کە نەک هەر کاری خۆڕایی پیبکرێت بەڵکو خۆی بوو بە کاڵەیەک تا کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت. خاوەن کۆیلەکان کۆیلەکانیان دەکڕی، تا لە کێڵگە، دروستکردنی کۆشک، دامەزراندنی دەوڵەت و ئیمراتۆریەتەکانیاندا بەخۆرایی بەکاریان بهێنن، کۆیلەیان دەکڕی تا سوپا وزیندان و ئامرازی سەرپەڕاندنیان پێ بخنەگەڕ. بەم جۆرەش چینی کویلە و خاوەن کۆیلە سەری هەڵداو و لەکەنار ئەمانیشەوە سەردار، پیشەوەر و زەوی کێڵ وپیاوانی ئاینی و.. هتد جێکەوت. لێرەشەوە وردە وردە دیاردەی توندوتێژی وەک یاسایەک جێکەوت و بووە نۆرمێکی کۆمەلایەتی.

لەم سیستەمەدا لەگەڵ پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنەرەکان لەژێر مەرجی خاوەنداریەتیی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا، ئەگەری بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ دەرکەوت. بەرهەمی کاڵاکان زیاتر دەبوون، زۆر و زۆر گەورەتر لە پێشوو، سوود هاتە مەیدان، دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ درێژەدان بەژیان بووە بە ڕکەبەری، بەرئەنجامی ئەوش چەواسەنەوە سەریهەڵدا.
سوودی زیاتر پێویستی بە کاری زیاد و بەکۆمەڵ بوو، بۆیە خاوەن کۆیلەکان تا ژمارەی کۆیلەیان زیاتر بوایە، زیاتر بەرهەم و داهاتیان لەدەستدا کۆدەبوەوە. زیادبوونی نایەکسانی ئابووری پەرەی سەند، هەژار و دەوڵەمەند دەرکەوت. لەم سیستەمەدا توندوتیژی و شەڕ بووە پێویستی، زیندانیان دەکرانە کۆیلە ومامەڵەیان پێوە دەکرا. بەکورتی بڵێن چەوسانەوەی چینێک لەلایەن چینێکی ترەوە دەستیپێکرد،

لەگەڵیشیدا ململانێی نێوان ئەو دوو چینە سەریهەڵدا، دەسەڵاتی سیاسی کەوتە دەست چینی خاوەن کۆیلە، دەوڵەتی ئەوان دروست بوو. شانبەشانی ئەو ململانێیەش دیاردەی توندوتیژی لەشێوەی چینایەتیەکیدا و لە شێوە تاکیە جوراوجۆرەکانیدا سەریهەڵدا.

زۆرەملێی و بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ ئەنجامدانی بەرهەمهێنان، لاوازی بەرهەمهێنانی ئامراز و ئامرازەکانی کار، جیاوازی نێوان لادێ و شارە نوێیەکان، دژایەتی نێوان بەرژەوندییە ئابوریەکانی کۆیلەکان و خاوەنداریتیەکانیان، بوونی باجی زۆر لە خاوەن کۆیلەکان، دژایەتی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان، ڕاکابەری نایەکسان لەنێو خودی بەرهەمهێنەراندا، کۆمەلگاکەی بردە شوێنێکی تر.
سەرەنجام سەرهەڵدانی ململانێیەکی سەختی نێوان چینەکانی لێکەوتەوە، کاتێک چیتر کۆیلەکان ئامادەی کار نەبوون و هەڵدەهاتن و ئامڕازەکانیان دەشکاند. لە کۆتایشدا هەموو ناڕازایەتییەکان بوو بەهۆی ڕاپەرینی چەکدارانەی کۆیلەکان لەدژ خاوەن کۆیلەکان، نمونەی زۆریش لەو راپەراپەرینانە هەن لە مێژووی ئەو کۆمەڵگایەدا، وەکو ڕاپەرینی کۆیلەکانی سیسلیا ، ڕاپەرینی سپارتاکۆس، ڕاپەرینی گەورەکەی هیتان وسیتوان لە چین و چەندەها ڕاپەرینی تر. لەکۆتاییشدا ووردە ووردە سیستەمەکەی بەرەو داڕمان برد.

# کۆمەڵگای فیوداڵی

لەکۆمڵگای دەرەبەگایەتیدا، زەوی سەنتەری بەرهەمهێنان، سەرچاوەی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریە. سیستەمی کار و دەستبەسەرداگرتنی ڕەنجی جوتیار، لەپەیوەند بە بەکارهێنانی زەویەوە شکڵ دەگرێت. کاتێک خاوەن زەویوزاری گەورە لەبەرامبەر دانی زەوی بە جوتیاران، موڵکانە وەردەگرێت، بەم جۆرەش کاری زیادە، بەشێوەی دابەشکردنەوەی بەرهەمی ساڵانە، کە بەڕەنجی جوتیارەکان بەرهەم هاتوە، دەدرێت بەخاوەن زەوییەکان(دەرەبەگەکان) بەناوی موڵکانەوە. لەمەش زیاتر یەک بەسێ، دوو بە شەش، سەرانە، مەڕانە تا دەگات بەکاری زیاتر بە جوتیارەکە لە دەرەوەی ئەو زەویەی کەپێدراوە"کاری زۆرەملێیی". بۆ نمونە جوتیار لەبەرئەوەی زەوی لە دەرەبەگ وەرگرتوە دەبوایە بەزۆرملێیی کاری جۆماڵ، دروینەی دەغلودان، شوانی و سەپانی بۆ خاوەن زەویکەش بکات بەبێ بەرامبەر، تەنانەت دەبوو هاوسەری جوتیارەکە، ماڵ و دیوەخانی ئاغا خاوین بکاتەوە و خۆراک و کۆمەڵێک کاریتر ئەنجام بدات. هەموو ئەمانەش بەزەبرە و بەدوای خۆشیدا شێوەکانی توندوتیژی بەرهەم دەهێنا. تا ئاستی ئەوەی کە جوتیارەکە نەتوانی گوندەکی خۆی بەجێ بهێڵێت، کچەکە بدات بەشوو بەبێ ڕازی بونی ئاغاکەی.. لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندیانە چینی جوتیارو خاوەن زەویوزار، واتە دەرەبەگ سەرهەڵدەداو دەبنە دووچینی سەرەکی لەکۆمەڵگادا ولەبەرامبەر یەکدا ڕادەوەستنەوە.

بەم جۆرەش، چینی خاوەنداری زەوی و موڵکەکان، کە خۆیان لەپاشاکان، قەشەکان، ئاغا، دەربەگەکان، و سوارچاکەکاندا دەبیننەوە. هەروەها چینی پاڵە، جوتیار و خزمەتکارەکان، کە کاریان لە زەوی، ئاژەڵداری و سەپانیدا بوو، بە نانە سکی کاریان دەکرد، بەشێکی سەرەکی لەبەرهەمی کاری جوتیاران بەشێوەی موڵکانە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا.

دەوڵەت لەم کۆمەڵگایەدا پاشاکان، دوکەکان، کۆنتەکان، بارۆنەکان، و پاپا و پیاوە باڵاکانی کڵێسا، و سوارچاکان پێکدەهات. پاساکان لەسەروی دەسەڵاتەوە بوون، کەڵیسا و پیاوانی ئاینی گوێڕایەڵی پاشا بوون و خەریکی کۆکردنەوەی سامان بوون

به دەرکردنی پسوڵەی بەهەشت و پاکانەدا، گروپی سوارچاکان ئەرکی کۆکردنەوەی باج وخەراج و موڵکانەن بوون لە جوتیار و سەپانەکان.
جوتیارەکانیش لە سایەی دەوڵەتی دەرەبەگەکاندا، مافی خاوەندارێتی و بەکارهێنانی زەویان پێدرا لەبەرانبەر دانی پشکی بەرهەمەکان بەدەوڵەت و چینی دەسەڵاتداردا. جوتیارەکان و سەپانەکان بەجۆرێک چەوسابوونەوە، کە تەنیا ڕێگای ڕزگاریان دەتوانرا هەلهاتن بوو بۆ شارەکان یان بەدەرکردنی دەرەبەگەکان لەزەویەکانیان ئەگەر هێزی ئەوەیان هەبووایە.

لەم سیستەم نوێیەی خاوەندارییێتیدا، ململانێییەکی نۆێ سەریهەڵدا لەنێوان چینی ئەرستوکراتی و دەربەگەکان و چینی بەرهەمهێنەر و خەزمتکاری کۆیلەدا، ململانێییەک کە خۆی لەچەندین توندوتیژی و شەڕدا دەبینیەوە، ناکۆکی نێوان چینەکان لەم کۆمەڵگایەدا زۆر گەورەتر بوو لەسەردەمی کۆمەڵگای پێشوو، چینێکی دواکەوتووی دەسلاتداری کۆنەپەرست کە دیویست پارێزگار لە بوونی خۆی و بەرژەوندیەکانی بکات، چینێکیش کە دەیویست باری ژیانیان و بژێوی خۆی باشتر بکات، لە کویلایەتی ئاغا ودەربەگەکان ڕزگاری ببێت. لەئەنجامی ناکۆکی نێوان ئەو دوو چینەوە، توندوتیژی بەرانبەر مافخوراوان گەشتبووە ئەوپەڕی پلەی خۆی، هەر لەتوندویتیژی لە مەیدانی کارەوە تا دەگەشت بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان. بەم جۆرەش زێدە بەرهەم وکۆکردنەوەی داهات بووە ڕێگایەک بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕەنجی کاری جوتیاران و لەسەر ئەم بنەمایەش توندوتێژی بوە سەرچاوەی ئەم سیستمە کۆمەڵایتیە، لێرەشەوە پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان پێناسەی بۆکرا و دەستبردن بۆ توندتیژی و شیوەکانی بووە بنەماو یاسایەک بەدەست دەوڵەت و دەرەبەگەکانەوە، کە تا ئاستی خوارەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەکان شۆڕ بووبووەوە.

# کۆمەڵگای سەرمایەداری

سیستەمی سەرمایەداری لەسەر زەمینەوسەرهەڵدانی ئابووری کالآیی لەدڵی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیدا دەرکەوت. لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم لە ئەوروپادا گەراکانی خۆی خست. سیستەمیکە لەسەر بنەمای خاوەنداریەتیی تاکەکەسی لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان بەدوای پڕۆسەی داماڵینی زەوی لەجوتیارو دەرەبەگ دامەزرا، کە ئەمەش بووە مایەی چڕبوونەوەی سەرمایە وهۆیەکانی بەرهەمهێنانی لە دەست توێژی بازرگانان و خاوەن پارەدا. لێرەشەوە شێوە بەرهەمهێنانێکی نوێی ڕێکخست کە ئامانجیش لێی بەتەنیا کۆکردنەوەی ڕادەی زۆری قازانج و کەڵەکەی سەرمایەیە لەسەر حسابی دەستبەسەرداگرتنی ڕەنجی هێزی کاری کرێکاران.

لەم سیستەمەدا بەرهەمهێنانی کالآ گشتگیردەبێت و هەموو شتێک بەخۆی ڕەنگدەکات، تاڕادەی ئەوەی کە هێزی کاری ئینسانی کرێکار دەبێ بە کالآ و لەبازاڕدا کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت. کالآ کە هەڵگری بەهای بەکارهێنان و گۆڕینەوەیە، ئەرکی بەسەرمایەکردنی کاری زیادە و دەستبەسەرداگیراوی کرێکاران و کارکردوانی کۆمەڵگایە، کۆکردنەوەیەتی لەدەستی خاوەنکارو ئامڕازەکانی بەرهەمهێناندا. بەواتایەکی تر ئەگەر لەکۆمەڵگای کۆیلەیەتی ودەرەبەگایدا، بەدەستهێنانی زیدەبەرهەم، ڕیگایەک بوو بۆ دەستبەسەرداکردنی کاری ئەوانی تر ئەوا لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا، یاسای بەها حوکم دەکات. بەشێک لە بەهای هێزی کاری کرێکاران دەدزرێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت. یاسای بەها کە بریتیە لە کاری کۆمەلآیەتی هەر کاڵەیەک، هێزی کار نەک هەر تێچوی هێزی کار، کە یەکسانە بە بەهای کالآ بژیویەکانی کرێکاران، لەبەرهەم هێناندا دەگوازرێتەوە بۆ کالآکان، بەڵکو زیدە بەهایەکیش بۆسەر بەهای هەر کاڵەیەک زیاددەکات بەبێ ئەوەی نرخێکی پێدرابێت.

بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندیە با نمونەیەک بهێنینەوە. ئابوریناسان نرخی هەرکاڵەیەک بە تێچوەکەی دیاری دەکەن، کە بریتیە لەنرخی کەرەسەی خاو کە لە بازاڕدا کڕدراوە، لەگەڵ نرخی کەرەسە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کرێی شوێنی کار وگواستنەوە لەگەڵ کرێی ڕۆژانەی کرێکار، کە لە بری ٨ یان ١٠ کاتژمێر کاری ڕۆژانە

سەرفکراوە، لەگەڵ هەندێ شتی تر، بەڵام کاتێک کاڵای بەرهەم هاتوو دەفرۆشرێتەوە نرخەکەی لەوە زیاترە کەتێیدا سەرفکراوە و ئەم زیادەیەش کە دەچیتە گیرفانی خاوەنکارەوە، سەرچاوەکەی دەگەڕیتەوە بۆ ئەو بەشە لە بەهای هێزی کاری کرێکارەکە کەپێی نەدراوە. بەمەش دەڵێن زیدەبایی.

سیستەمی کار لەکۆمەلگای سەرمایەداریدا، کاری بەکرێیە، کە دووچینی سەرەکی دەخاتە بەرامبەر بەیەکەوە و لە پەیوەندیەکی پێکەوەیی وناکۆک بەیەکدا ڕایاندەگرێت. بەجۆرێک کە سەرمایە ئەگەر هیزی کار بەکرێ نەخاتە گەڕ و زیدەیەک نەخاتەسەر نرخی کاڵاکان، ئیتر نابێتە سەرمایە، وە ئەگەر هێزی کاریش نەگۆڕدرێتەوە بەسەرمایە ئەوا نابێت بەکرێ. لەسەر ئەم بنەمایەش سەرمایەداری لەڕەوتی پەرەسەندنی خۆیدا کاردابەشکردنی فراوان و ئاڵوۆز دێنتەکایەوە، هەر لە ئاستی کارخانەیەکەوە تا ئاستی شارو لادێ، تا ئاستی ولاتی و جیهانی. ئەمەش بەهۆی ڕێگای ئاسن و دەریایی و ئاسمانی و ئەنتەرنێتەوە، هەموو جیهان پێکەوە گری دەدا و بازاڕیکی جیهانی دادەمەزرێنێت و ڕۆژانە ملیۆنەها کاڵا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت. لە سیتەمێکی ئاوادای کە توندوتیژی لەمەودایەکی جیهانی، ولاتی، شاری و تەنانەت خیزانی و کۆمەلایەتیدا، بەرفراوان دەبیتەوە و جۆرەها شیوازی بۆ پەیدادەبێت و ڕۆڵی دەولەت و کڵیسا، زیندان، سوپا، یاسا و ئایدیۆلۆژی.. هتد بەخۆیەوە خەریک دەکات.

سەردەمی سیستەمی سەرمایەداری توندوتیژترین سەردەمە، زۆرترین توندوتیژی تێدا بەکاردەهێنرێت، هەر لە توندوتیژییە تاکەکانی نێو کومەڵگا تا دەگاتە توندوتیژی دەوڵەتی. لەم سەردەمەدا گەورەترین توندوتیژی و شەڕی بەکۆمەلی تێدا ڕوویداوە. هەر لەسەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداریدا کە بەسەردەمی کۆنۆلیالزم ناودەبرا، بەریتانیا و ووڵاتانی نوێی پیشەسازی وەکو یەکەم ووڵاتی سەرمایەداری، بۆ ساغکردنەوەی بازاڕی شتومەکەکانیان، بۆ هێنانی هێزی کاری بەکۆیلە و بردنی کەرەسەی خاو و ووزە، بە توندوتیژترین شێوە کوشتاری بە کۆمەڵی لەزۆر شوێنی جیهاندا بەئەنجام گەیاند، هەر لە جینوسایدی ناسراو بە هیندیە سوورەکان، لە هەردووبەشی ئەمریکای باشوور و باکوور کە دانیشتووی ڕەسەنی ئەو ووڵاتانە بوون تا دەگاتە بە خەڵکی ئەفریقا و هیندستان و ئاسیا، کە تێدا خاکی ئەو ووڵاتانەیان

بەخوێنی خەڵکەکەیان سوورکرد، ئەمانە نمونەی سەرەتایی توندوتیژی ڕژێمی سەرمایەداری بوون. پاشان شەڕەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم وسەدەی نۆزدەیەم ، تا دەگات بە شەڕەکانی جیهانی یەکەم و دووەم بۆ دابەشکردن جیهان لە نێوان خۆیاندا دۆزەخێکیان بۆ مرۆڤایەتی هێنایە کایەوە. لێردا نامانەوێت بچینە سەر مێژووی شەڕو جەنگ وقڕکردنی ملوێنەها خەڵک لەژێر دەستی ئەو سیستەمە، بەڵام دەمانەوێت ئەوە بڵێن کە توندوتیژی تاکی و بەکۆمەڵ بەشێکی جیانەکراوەی سیستەمی سەرمایەداریە، شەڕو و توندوتیژی پێویستی مانەوەی ئەو سیستەمە. تەنانەت لە کۆمەلگا دیموکراتییەکانیشدا لە سایەی سیستەمی سەرمایداریدا کۆمەڵگا لەڕێگەی توندوتیژی وسەرکوتکردنی ڕاستەوخۆوە تێک ناشکێنرێت، بەڵکو لەڕێگەی بە کۆیلەکردن و زەلیلکردنی سیستەمەوە کۆمەڵگا دەچەمێنێت، بەمەش کۆمەلگا مەیلێکی تۆتالیتاری وەردەگرێت.

لە سیستەمی سەرمایەداریدا توندوتیژی و ململانێی سەردەمی کۆن نەک لەناو نەچوو بەڵکو زیاتر بوو، بەڵام بەبەرگێکی نوێ وە. لە توندوتیژییە کومەڵایەتتیەکانەوە تا دەگاتە توندوتیژی چینی دەسەڵاتدار بەرانبەر چینی ژێردەستە. ئەمە جگە لە توندوتیژییە کۆمەڵایەتی و تاکییەکان، شێوەیەکی تر لە توندوتیژی لەم سەردەمەدا پەرەی سەند کە مەترسیدار و شاراوەیە لە کۆمەلگادا، ئەویش توندوتیژی ئابوورییە، کە خۆی لە شێوەیەک لە بەرنامەیکی بەڕێکخراودا دەبینێتەوە لە دژی چینی کرێکار، دەتوانین لە زۆر مەیداندا ئاماژەی پێبکەین، بۆ نمونە کاتێک کۆمپانیاکان کرێکاران هەزارەها کرێکار لەسەر کار دەردەکەن، ئەم کرێکارانە بەرە ورووی چەندەها کێشە و توندوتیژی دەبنەوە، هەر لە خۆیان و منداڵ و خێزانیانەوە، کاتێک کەسێک بژێوی ژیانی دەکەوێتە مەترسیەوە، سەرئەنجام بەرەوڕووی توندوتیژی دەروونی و توندوتیژیەکانی تر بەرەوڕووی خۆی و خێزانی دەبێتەوە. کاتێک حکومەتی دەسەڵاتداری سەرمایەداری باج زیاددەکات، یان خۆی لەسیستەمی بیمە کۆمەڵایەتیەکان دەدزێتەوە، قوربانی یەکەم چینی کرێکار وهەژارانە، ئەمانە زۆرێکی تر لەلایەن سەرمایەدارانەوە ناچێتە قاڵبی توندوتیژییەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە گەورەترین توندوتیژییە کە کاری پێدەکرێت، هەر کاتێکیش کرێکاران و زەحمتکێشان ناڕەزای دەردەبڕن لە بەرانبەر ئەو کارانەدا، بەشێوەیەکی نامرۆڤانە سەرکوت دەکرێن، دەکوژرێن و زیندانی دەکرێن.

لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، ڕکابەری لە نێو خۆدی سەرمایەداران خۆیاندا بۆ کەڵەکەی زیاتری سەرمایە وسوود، دەستگرتن بەسەر بازاڕدا خەسڵەتێکی خۆڕسکی ئەم سیستەمەیە، هەر بۆیە ناوبەناو قەیرانی گەورە لەنێو خۆدی ئەم سیستەمدا ڕوودەدات، کە دەبێتە مایەی کێبڕکێ و کێشمەکێشێکی توندوتیژ لە نێوخۆی چینی سەرمایەداراندا. ئاکام و دەرهاویشتەکانی ناکۆکی و قەیرانی سەرمایەداری تەنیا لەچوارچێوەی ململانێی ئابووریدا نامێنێتەوە، بەڵکو جەنگەماڵوێرانی جیهانی، ناوچەیی، میلیتارزمی سەربازی، حکومی سەربازی و سەندنەوەی مافە سیاسی و مەدەنیەکانی بەداوە دێت، تیروریزمی دەوڵەتی وڕێکخراوی توندرەوی لێدەکەوێتەوە، گوشاری ئاینی و ناسیونالستی و نەژادپەرستی کۆنەپەرستی بەدوای خۆیدا دێنێت، کە هەموویان دەبنە سەچاوە و هۆکاری توندوتیژی لەنێو خودی کۆمەڵگادا..

# ململانێی چینایەتی وتوندوتیژی

لەکۆمەلگا چینایەتیەکاندا ئەوە هەر چینەداراکان و خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دەسەلاتدارن نین کە دەست بۆ توندوتیژی دەبەن، جەماوەری چەوساوە، کۆیلە، جوتیاران، کرێکارن وزەحمەتکێسان لەسیتەمە کۆمەلایەتیەکاندا کە لەسەر بەنمای دەستبەسەرداکردنی ڕەنجی کاری ئەوی تر وجیاکاری چیانیەتی دامەزراوە دەست بۆ توندوتیژی دەبەن. بەلام جیاوازیەکەی لەوەدایە کە وەک ڕێگایەک بۆ بەرگری لەخۆیان و ژیانیان بۆ بەدەستهینانەی ماف و داخوازیەکانیان لە دەسەڵاتداران بەناچاری پەنای بۆ دەبەن، بەمەش دەڵێین ململانێی چینایەتی کە لەسەریکیەوە چینی دەسەلاتدار بۆ پاراستن ومانەوەی سیستەمێک کەتێدا ڕەنجی کەسانی تر دەبەن بەشێوەیەکی سیستماتیک دەست بۆ توندوتیژی دەبنە و لەسەرێکی تریشەوە ئەوانەی ڕەنجیان دەدزرێێت و بێبەشن لەژیانی شایستەی خۆیان، لەپێناو مانەوەیان دەست بۆ توندوتیژی دەبەن، سوتاندنی گوند و شارو خەرمان، تا شکاندنی ئامێر و موڵکی پاشا و سەرۆکی عیشرەت و دەولەت، تا ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، ئەمانەش لەو واقعیەتەوە سەرچاوەدەگرێت.

بەم جۆرەش مێژووی هەر کۆمەلگایەک، مێژووی ململانێی چینایەتیە، بە مانای ناکۆکی نێوان دوو چین لە کۆمەڵگادا، چینی زۆردار و چینی زۆرلێکراو. لە سەرەتاوە لە نێوان چینی ئازاد و چینی کۆیلە، پاشان لە نێوان دەربەگ و جوتیاری کۆیلە، لە کۆتایشدا لە نێوان کرێکار و بۆرژوازیدا. ئەم چینانە بەدرێژایی مێژوو لە ناکۆکیدا بوون ، لە بەربەرکانییەکی بێبڕانەوەی بەردەوام دا بوون، دەمێک بەئاشکرا و دەمێک بەنهێنی، شەڕێک کە هەرجارە یان کێشاویەتە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپای کۆمەڵ، یان کێشاویەتە نەمانی هەردوو چینی دژ بەیەک.

مارکس ئاماژە بەوە دەکات کە هەژاری نە دیاردەیەکی سیاسی، نە دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵکو دەرئەنجامی توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە، نەک دەرئەنجامی

کەمی یان نەبوونی کاڵاو شتومەک. واتە مارکس پرسی کۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ هێزێکی سیاسی هەڵکەوتوو لە ناو دەستەواژەی دەستدرێژی یان ئیستیغلال دا، کە بۆچوونەکە وایە بەوەی هەژاری لەئەنجامی چەوسانەوە یان دەستدرێژی چینی دەسەڵاتدارەوەیە، کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و توندتیژی بەدەستەوەیە. کۆمەڵگای سەرمایەداریش لەسەر ئەو چەوسانەوە و دەستدرێژییە دامەزراوە، هەر بۆیە ململانێی چینایەتی ڕویەکی تری بیروبۆچونی ماددی کۆمەڵگا و مێژووە، بۆ شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا چینایەتیەکاندا کە بنەماکەی لەسەر چەوسانەوە بنیاتنراوە.

بەم شێوەیە بە بڕوای مارکس، ململانێی "لەناکاو ڕوودەدات، بەڵکو دووبارە و سێبارەڕوودەدات"، وەک دەرئەنجامێکی حەتمی ململانێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی نێوان هەر دوو چینەکەی کۆمەڵگا، وەک چۆن لە کۆتاییدا، لەڕێگەی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە، بەرەو گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان فۆڕمی خاوەندارێتی باو دەڕوات.

مێژووی کۆمڵایەتی چینەکان و بەربەرەکانی نێوان چینەکان بەرئەنجامەکانی هۆکارێک بوون بۆ دروستبوونی زۆربەی زۆری شێوەکانی توندوتیژی لە خێزان و کۆمەڵگادا. پشکی شێری زۆربەی قوربانیانی توندوتیژی بەرەوڕووی چینی ژێردەستە وتاکاکەکانیان بۆتەوە بە درێژایی مێژوو..

مارکس لەسەر مەسەلەی توندوتیژی بۆچونێکی تەواو جیاوازی و ڕیشەی لەگەڵ فیلەسوف و کۆمەڵناسەکانی تریدا هەیە. مارکس لەو شوێنەوە بۆ توندوتیژی دەڕوانێت کە کۆملگاکە چینایەتییە، چینێکیان خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و تەواوی سەروەت وسامان و خیروخۆشیە، خۆشی بەرهەمهێنەر نییە، چینێکی تریشیانکە بەرهەمهێنەرە و دروستکەری سەروت وسامانی تەواوی کۆمەڵگایە، بەڵام خاوەنی هیچ نییە.

بەبۆچوونی مارکس توندوتیژی لەدایکبوی مێژووە، هەموو کۆمەڵگایەک دابەشکراوە بەسەر چینەکاندا، مێژووش ململانێی نێوان چینەکانە، لە نێوان ئەوانەی خاوەنداریەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەکەن، ئەوانەی بەرهەمهێنەرن و خاوەنی هیچ نین، ئەمەش لەسەر بنەمای چەوسانەوەیە. ململانێ لەگەڵ مێژوودا هاتووە، جا

ململانێکە شارەوە بوویێت یان بە ئاشکرا، کە توندوتیژیش بەشێکە لەبەرئەنجامەکەی.
هەروەها مارکس وای بۆدەچێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دوژمنکارانەیە کە توندوتیژی بەکاردەهێنێت، بەڵام لە ئەنجامی هۆکارە دەرەکیەکان و ڕق و کینەکانەوە. ململانێی چینایەتی لە نێوان ئەوانەی هیچیان نییە و ئەوانەی خاوەنی هەموو شتێکن، هۆکاری سەرکی داڕێژەری مێژوون، بەپێیی ئەوی ململانێی ماددی ڕەنگدانەوەی بەشێوەی نەرێنیانە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە.

مارکس وای دەبینێت کە ململانێی و توندوتیژی لەگەڵ مرۆڤدا هاتووە لە کاتی شارستانی کۆنەوە یان ڕۆمای کۆنەوە تاکو سەردەمی مۆدێرنی سەرمایەداری، سەرچاوەکەشی چەوسانەوەی چینایەتیە. دەسەڵاتی سیاسیش بە مانای تەواو، دەسەڵاتی ڕێکخراوی چینێکی دیاریکراوە، لە پێناو چەوسانەوەی چینەکەی تردا.
مارکس ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو توندوتیژییەی کە بەدروستکردنی نەزمێک یان سیستەمێکی نوێ، ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی کۆن لەناو دەبات، جیاوازە لەو توندوتیژییەی کە یاسایەکی هەبوو دەپارێزێت و دژایەتی هەموو جۆرە گۆڕانکارییەک دەکات. ئەوەش بریتییە لە جیاکردنەوەی توندوتیژی دادپەروەرانە، توندوتیژیەک کە دبێتە هۆی تەواو شتێکی نوێ، توندوتیژییەک کە دەتوانێت بە مافی خۆی بە توندوتیژی شۆڕشگێڕانە ناوببات.

ناکۆکی، دژەکان ، توندوتیژیەکان بنەماکەی ململانێی چینایەتییە، ململانێی چینایەتیش تیوریەکە کە پرس و گرژیەکان لە کۆمەڵگایەکدا کە بەسەر چینەکاندا دابەشبووە شرۆڤە دەکات، بەوەی هەر چینێک بەرگری دەکات لە پێناو باری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.. ململانێی چینایەتیش شێوەی جۆراوجۆر لە خۆیدا دەبینێت، یەکەمیان توندوتیژی ڕاستەوخۆ، وەکو جەنگ لە پێناو سەرچاوەکاندا و هێزی کاری هەرزان و کێبڕکێ بازاڕ و سوودی زیاتر، دووەمیان توندوتیژی ناڕاستەوخۆ، وەکو لەدەستدانی کار، کەمکردنەوەی کرێ، مردن بەهۆی هەژاریەوە، برسێتی، نەخۆشی و هەلومەرجی کار، سەلامەتی شوێنی کار، سەرکوتی خەڵکانێک کە داوای مافیان دەکەن....هتد هەروەها هەندێکی تر لەچەشنی گەمارۆی ئابووری، یاساکانی باج، بەرتەسکردنەوەی ئازادی سیاسی ڕێکخراوبون...

سەرەنجام دەتوانین بڵێین کەسەرهەڵدانی چینە کۆمەلایەتیەکان لەهەر قۆناغێکی مێژوییدا وململانێی نیوانیان وەک ئاکامێک لەسیتەمی کارو بەرهەمهێناندا، دەبێتە هۆکاریک کە دیاردەی توندوتیژی بەشیوازی جیاجیا بەرهەم دێنیت و برەوی پیدادەت. توندوتیژیەک کەبەبەردەوامی هەیە وڕۆژانە ڕووبەروی ئینسانەکان دەبێتەوە. واتە کۆمەڵگا لەسەر جیاکاری چینایەتی دامەزرابێت وسیستەمی کارو بەرهەمهێنان نایەکسان و ستەمگەربێت، بێگومان توندوتیژێش دەمێنێت.

# دەوڵەت و توندوتیژی

لێرەدا لەگەڵ چەمکێکی گشتیتری دەستەواژەی دەوڵەت بەرەوڕووین، چەمکێک کە لەهەمان کاتدا سادەتر وهەملایەنترە. دەوڵەت هێزێکی تایبەتیی زەبروزەنگە بۆ سەرکوتی چینایەتی. ئەمە خەسڵەتی هاوبەشی هەموو چەشنە دەوڵەتێکە، جا ئەو دەوڵەتە دەوڵەتی ئاسایی بێت یان دەوڵەتێکی ڕاگوزار. هاوکات دەوڵەت باڵاترین ئامرازی دەستی چینە داراکانە بۆ مانەوەو پاراستن و شەرعیەتدان بە پەیوەندیە زاڵەکانی ئابوری و بەرهەمهێنان کەلەسەر بنەمای دزینی ڕەنجی چینە بنەدەستەکان دامەزارەوە. بەم پێیەش دەولەت سەنەتەر و ئەلقەی ناوەکی دیاردەی توندوتیژیە.

لە هەملومەرجی ئاساییدا کە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێناوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی دیاریکراوی بەرهەمهێناندایە، یان بە وتەیەکی سادەتر، ئابووری تەوەرەی دیاریکەرە لە پەیوەندی کاروکاردانەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان لەبەرانبەر یەکتردا، دەوڵەت ڕۆڵی سەرکوتگەرانەی خۆی لەبنەڕەتەوە لە پەیوەند بە پاراستنی پەیوەندییە بەرهەمهێنانە باوەکانی نێو کۆمەڵگادا دەبینێت.، کە لە خزمەت چینێکدایە لە بارەی ئابووریەوە زاڵە.

لە کۆمەڵگای کۆیلایەتییەوە تا دەگاتە سەردەمی ئێستای کۆمەڵگای سەرمایەداری، دەوڵەت دەوڵەتی هەمووان نەبووە، دەوڵەتێک نەبووە کەهەمووان لەیەک ڕیزدا دابنێت، دەوڵەت پێش ئەوەی دەوڵەتی هاوڵاتیان بێت، دەوڵەتی سیستەم بووە، دەوڵەتی سیستەمی باو و پارێزەری چینی سەردەستە و دەسەلات بووە.
ڕۆشبیران و دەمڕاستانی سەرمایەداری وای دەخنە پێش چاو کە دەوڵەت دەزگایەکی پێویستییە، کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تاکەکانی نێۆ کۆمەڵگا دروست بووە، ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتی خەڵک و دەسەڵاتی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات. دەوڵەت دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنە و

ئەركی جێبەجێكردنی یاسایە، یاساكانیش كۆمەڵێک پرنسیپێكی بەڵگەنەویستی سروشتییە، كە ڕەزامەندی تاكەكانی كۆمەڵگای لەسەرە.

لە بیروباوەڕی بۆرژوازیدا وای نیشان دەدرێت كە دەوڵەت پایەیەكی بنەڕەتیی و گرنگی هەیە، وەكو دەزگایەكی سەربەخۆ و بێلایەنی بەرژەوەندییە چینایەتی ناكۆكەكانی ناو كۆمەڵگایە. ئەوەی شایەنی باسە تێڕوانین بۆ دەوڵەت بەم شێوەیە بە تایبەت لە وولاتانی پێشكەوتووی ڕۆژئاوا كە سیستەمێكی پەرلەمانی جێگیریان هەیە ڕەگی لەناو خەڵكدا داكوتیوە، پەرەسەندنی ڕۆڵی ئابووری دەوڵەتەكان بەتایبەت بوونی ئەوان لە قەڵەمڕوی خزمتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكان و بەڕێوەبردنی كۆنترۆڵی ئابووری گەلێک پەرەی بە خۆشباوەڕی پێناسەی دەوڵەت داوە. تەنانەت لە وولاتانی دیكتاتۆر و وولاتانی بەناو جیهانی سێیەمیشدا لەگەڵ ئەوەشدا دەولەتی سەركوتگەرن، زۆرینەی خەڵک بە خراپ سەیری دەكەن، بەڵام هێشتا بەگشتی خودی پێویستی دەوڵەت جێگای پرسیار نییە، چونكە ئەوان دەوڵەت وەكو دامەزراوەیەک سەیردەكەن كە ئەركی بەڕێوەبردنی كۆملگای لە ئەستۆدایە.

هەر ئەو كاتەی زێدەبەرهەم سەریهەڵدا لە كۆمەڵگادا، كۆكردنەوەی زیدەبەرهەم كەوتە دەست كۆمەڵێک، سامان كەوتە بەردەستی ئەو كۆمەڵە، بیرۆكەی دەوڵەت سەریهەڵدا. هەر وەكو ئەوەی ئەنگلس باسی دەكات، دەوڵەت هەڵوەشانەوەی سیستەمی بنەماڵە و خێڵ كە لەسەری بنیات نرابوو لە یۆنانی كۆن دامەزرا، لەگەڵ سەرهەڵدانی موڵكداریەتی تایبەتی وپەرەپێدانی پارە وەک ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەبری ئالوویركردن ، ئەمەش وایكرد سەروەت و سامان لەدەستی چین وتوێژە كۆمەڵایەتیە نوێیەكاندا كۆببێتەوە، كە ئەوەش پێویستی بە پاراستن هەبوو، بەمجۆرە دەوڵەت هات بۆ پاراستنی چینی خاوەن سامان لەتوندوتیژی ئەو چینەی هیچی نیە.

ئەنگلس ڕەخنەی لە هەموو ئەو چمكە ئایدیالستیانە دەگرت كە دەوڵەتیان وەک ئامڕازێک بۆ گەیشتن بە ئاسایش وسەقامگیری وگەرەنتیكردنی ڕاستی وگەیشتن بە دادپەروەری سەیردەكرد. دەوڵەت لە بڕوای ئەودا بەشێوەیەكی سەرەكی لەسەر بنەمای توندوتیژی و قۆرخكارییەكەی دامەزراوە، كە توندوتیژی بەرانبەر چینی كرێكاری تێدا ئاراستەكراوە، بەم شێوەیە دەوڵەت تەنیا ئامرازێكی هەژموون وهەژمونی چینایەتییە لەلایەن بۆرژوازیەوە.

واته دەوڵەت زیاتر ئەرکێکی سەرکوتگەرانەی هەیە نەک ئامڕازێک بێت بۆ میانڕەویکردنی ململانێکان وکەمکردنەوەی، بەمانای ئەوەی دەوڵەت تا ئەو ڕادەیەی کە مافی ڕێکخستنی کۆمەڵگای بۆ خۆی زامن کرد، هەوڵیدا بۆ بەرژەوەندی چینێکی دیکە کۆنترۆڵ بکات.
کەواتە دەوڵەت ئامرازی دەسەڵاتداریی چینایەتیی چینێکە کە لە باری ئابووریەوە زاڵە. دەوڵەت ئامڕازێکە بۆ لەزنجیردا بەستنەوەی چینە ستەملێکراو وچەوساوەکان، وپاراستنی پەیوەندیەکانی خاوەنداریەتی وبەرهەمهێنانی مەوجوود لە چنگ پەلاماری چینە بندەستەکان.
دەوڵەت دیاردەیکی سەروچینایەتی و بانتر لەکۆمەڵ نییە کە گوایە پەیوەندیەکانی چینایەتی هاوئاهەنگ دەکات، یان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەموو ئەو بۆچوونانەی کەلە کۆمەڵی بورژوازییدا باون، نوێنەرو و پارێزەری قازانج وبەرژەوەندیەکی چینایەتیی دیاریکراوە، واتە نوێنەرو و پارێزەری سوود وبەرژەوەندیی چینێکە کەلەباری ئابووریەوە زاڵە. سەرهەڵدانی دەوڵەت لەبنەڕەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی چەوسانەوە ودابەشبوونی چینایەتی هاوکات بووە.
ئەنگلس بۆچوونی وایە کە دەوڵەت لەسەرەتاوە نەبووە و تاسەر نامێنێت. لە کۆمەڵگا کۆنەکان و سەرەتایەکان هیچ بیرێکی دەوڵەت و دەسەڵاتدارێتی نەبووە. بەڵام کاتێک پێشکەوتنی ئابووری پلەیەک پێش دەکەوێت، کۆمەڵگا دابەش دەبێت بۆ چینەکان، دەوڵەت بەپێی ئەو دابەشبوونە دەبێتە پێویستی، بەڵام لەگەڵ ونبوونی چینەکان ئەو پێویستیەی دەوڵەت نامێنێت. کۆمەڵگاش بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی نوێ ڕێکدەخات، لەسەر بنەمای یەکێتی بەرهەمهێنانی بەئازادی ویەکسانی. لەوەشەوە ئامڕازی دەوڵەت بەتەواوی وەکو پێویست دەنێرێت بۆ مۆزەخانە و بەتەنیشت گوڵدانی برونزی و پارچە دۆزراوەکان دادەنرێت.
لە دوای ڕوخانی کۆمەڵگای سەرمایەداری وسەرەتای هاتنی کۆمەڵگای سوشیالستیدا، کەلەڕێگای شۆڕشی سوشیالستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە بەئەنجام دەگات، دەوڵەت بوونی دەمێنێت، بەڵام دەوڵەتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکی دەورانی تێپەڕبوونە. بەمانای ئەوەی ئەو دیکتاتۆرییە دەوڵەتی چینێک نییە کەلە بارەی ئابووریەوە زاڵە، بەڵکو دەوڵەتی چینێکە کە لە دژی ئەو چینە چەوسێنەرەوەی ڕاپەریەوە کە زاڵە بەسەر هۆیەکانی بەهەمهێناندا.

دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەسەرەتاوە پشت بە ئابووریی مەوجوودی کۆمەڵ نابەستێت، نوێنەری چینێک نییە کەلەبارەی ئابوورییەوە بەسەر چینەکانی تردا زاڵە. ڕێک بەپێچەوانەوە، دەوڵەتێکە لە دژی ئابووری مەوجوود. لەڕاستیدا ئەم دەوڵەتە هەرگیز ناتوانێت تەنانەت لە داهاتووی خۆشیدا، ببێتە ئامڕازی دەسەڵاتداریەتی چینێک لە پەیوەندییەکی ئابووری چینایەتیدا.

شۆڕشی سوشیالستی، شۆڕشێکە کە هاوکات لەگەڵ لەناوبردنی دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵ، دەوڵەتیش بەرەو نەمان دەبا. لەم سەردەمەدا دەوڵەت خەسڵەتی خۆی وەکو هێزی تایبەتیی توندوتیژی لەدەست دەدا و دەبێتە ڕێکخراوی چینی کرێکار وەک چینی دەسەڵاتدار و هەروەها دەبێتە ڕێکخراوی گشتی و بەڕێوەبەری کۆمەڵ.

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لە دەورەیەکی مێژییی دیاریکراودا، بەمانای دەورەی ڕاگوزاری شۆڕشگێڕانەدا دەگونجێت. دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا دەوڵەتێکە لەدژی ئابووری سەرمایەداری. لەم قوناغەدا ئەو ئابووریەی پشتی پێدەبەستێت، پشتی بە دابەشکردنی چینایەتیی نەبەستووە، هەربۆیەش ئەو دەوڵەتە پێویستی بە هێزێکی زەبروزەنگ نواندن نییە.

لەلای سەرمایەداری و بیرمەندانی بۆرژوازی، دەوڵەت قاڵبی سەرەکی مەشروعیەتپێدانی حکومڕانی چینایەتی بۆرژوازییە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەت ئامڕازی دەسەڵاتداریەتیی هەموو خەڵکە و بە دەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێرێت. بەمانی ئەوەی مەشروعیەتی هەیە، ئەو مەشروعیتە خەڵک لەڕێگای دەنگدانەوە پێداوە. بەڵام پرسیار ئەوەیە دەنگدانی گشتی و پرۆسەی دیموکراتی دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو دەسەڵاتە بەو دەوڵەتە بدرێت؟ ئایا خودی دەنگدانی گشتی پرۆسەیەکە کە خەڵک بە گشتی و چینی ژێردەستەی کۆمەڵگا بتوانێت بگات بەئامانجی خۆی؟ وەڵامەکەی هەرگیز، چونکە خۆدی سیستەمکە و شێوەی بەڕێوەبردنی سیستەمەکە لەچوارچێوەیەکدایە هەرگیز ڕێگا بەئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسی وئابووری کۆمەڵگا نادات.

ئەوە بەڵگەنەویستە کە مافی دەنگدان وهەڵبژاردن دەستکەوتێکی گرنگی مێژووی خەباتی خەڵک دەژمێرێت لە پێناو بەدەستهێنانی مافە سەرەتای ومەدەنیەکاندا، هەرچەندە لەزۆر شوێن ئەم مافانە فەرهام نەکراوە. ئەوە بەڵگەنەویستە کە ژیان لەسایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتی ڕۆژئاوایی باشترە، ئەگەر بەراوردی بکەیت بە دەسەڵاتێکی دیکتاتوری وسەرکوتگەر، بەڵام هەموو ئەمانە ناتوانن ماهیەتی چینایەتی

دەوڵەتی هاوچەرخ و دیموکراتی ڕۆژئاوایی بشارنەوە. چینی کرێکار لەو وولاتانەدا کەمترین ڕێگادەستیان هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەت وهەنگاوەکانی دەوڵەت. نیزامەکەیان توانیویەتی بەبەکارهێنانی توندوتیژیەکی کەمتر ودەستاودەستکردنی دەسەلات لە نێو بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەلاتداری سەرمایەداری لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەسەلاتداریەتی تێکرای بۆرژوازی بەسەر ژیانی سیاسی وئابووری کۆمەڵگا مسۆگەر بکات. بەلام ئەوە ڕاستیەکی مێژووییە کە پەرلەمان وهەڵبژاردن لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا میکانیزمێک نییە بۆ بەشداری خەڵک لەکاروباری دەسەلاتداریەتیدا، بەڵکو ئامڕازێکە بۆ مەشروعیەت پێدانی دەسەلاتی بۆرژوازی و سیستەمەکەیان.

بە کورتی لەمێژووی مرۆڤایەتییدا ڕۆڵی دەولەت ڕۆڵی سەرکوتکردن بووە، ڕۆڵی دەوڵەت پاراستنی سیستەمێکی ئابووری چینایەتی ودەسەلاتی چینی زۆردارە لەبەرانبەر هەڕەشەی چینی زۆرلێکراوان. دەتوانین ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەو توندوتیژییەی لەژێر ناوی دەوڵەتدا ئەنجام دراوە، لاپەڕەیکەی ڕەشی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گرتووە

# کۆمەلگایەک بەبێ توندوتیژی!

ئایا مرۆڤایەتی لەتوانایدا هەیە کۆمەڵگایەکی دوور لە توندوتیژی بنیات بنێت؟ ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکەین کەڕیشەی هەموو شێوەکانی توندوتیژی دەگەڕیتەوە بۆ سیستەمی کار و شیوەبەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی کە مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تێدا دەچەوسیندریتەوە و دەستبەسەرداگرتنی ڕەنجی کاری ئەویتر تێدا ڕوودەدات ، ئەگەر قەبوڵی بکەیەن کە سەرهەڵدان و ململانێی چیانیەتی هۆکاری برەودانە بە دیاردەی توندوتیژی. ئەوا هەڵوەشانەوەی ئەم جۆرە لە سیتەمی کارو چینەکان دەتوانێت کۆمەڵگایەک بێتە ئاراوە کە توندوتیژی لەئاستی نەبوون نزیک بکاتەوە. کەدیارە ئەم کارەش بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی فەراهام دەبێت.
بەبروای من شۆڕشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار و دامەزارندنی کۆمەلگایەکی کۆمۆنیستی کە ئازادی و یەکسانی وخۆشگوزەرانی بۆ هەموان دابین دەکات، ئەو ئەلتەرناتیڤە کۆمەلایەتیەیە کە توندوتیژی هەنگا و بەهەنگاو لەبن دەبات. کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کە نەجێگایەک بۆ مۆلکداریێتی تایبەتی سەرمایداران دەهێڵیتەوە و نە کاری کرێگرتە بونیدەبێت. کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای موڵکداریێتی گشتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کاری هەرەوەزی و کۆنترۆڵی بەکۆمەڵی داهاتی کۆمەلگایەتی وسیستەمێکی دابەشکردن، کە بە بەڕێوەبردنی هۆشیارەنەی بەکۆمەڵ دەچیتە ڕێوە، کۆمەڵگایەک کە هەرکەس بەپیی توانای و هەرکەس بەپێی پیویستیەکانی لەبەرهەمەهێنان و ڕەنجی خۆی بەهرەمەند دەکات، بەم جۆرەش کۆمەلگای کارکردوان دەخاتە شوێنی کۆمەلگای چینایەتی و ڕەوتی ئابوری کۆمەلگا بۆ وەلامدانەوە بە پێداویستیەکانی ژیان و بژیوی هاولاتیان ئاڕاستە دەکات، نەک بۆ قازانجی کەمایەتیەک. کۆمەلگایەک کە ئینسان ئیرادەی بۆگەراوەتەوە و بەشداری لەتەواوی بوارەکانی ژیان ئابوری و کۆمەلایەتیدا هەیە، نە چینەکان، نە ئاین، ئایدیۆلۆژیا و نە دەولەت بون پێویستیان دەمێنێت، بەکردەوە کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەرانە بەدیدێت.. لەو شێوە کۆمەلگایەش، بەدلنیایەوە توندوتیژیش ڕوو لەناوچون دەکات. بەلام گەرەنتی و ڕێگای بەدەی هێنانی ئەو

کۆمەلگایەوە ، تەنیا لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە دەبێت، ئەویش شۆڕشی زۆرینەی ڕەهای کۆمەلگایە، واتە شۆڕشی چینی کرێکار، هەر ئەو چینەش ئەرک وئەمانجی ئەم ئاڵوگۆڕەی ئینسانیەی لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا لەئەستۆدایە.

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی کە زانست و تەکنۆلۆژیا دەخاتە خزمەتی ئینسانەکانەوە، ئەو بوارەش دابین دەکات کە لەڕاستیە بیۆلۆژی وجینەتیکیەکانی ئینسان، سروشت، ئاژەڵ بکۆلێتەوەو بەو ئەنجامە بگات، کەتوندوتیژی لەئینسانەکان خۆیاندا نیە، تەنانەت ڕەوشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤبەشێوەیەکی زانستی وا پەروەردەبکات، کە لەهەر جۆرە دیاردەیەکی خراپ و نامرۆڤانە پاک بکاتەوە، کە لە کۆمەلگاکانی پێشوتردا لەسەری پەروەردەکراوە.

# ئایا دەستبردنی زەحمەتکێشان
# بۆ توندوتیژی کارێکی ڕەوایە؟

ئەو ڕاستییەی کە خودی سیستەمی سەرمایەداری لە بنەڕەتەوە لەسەر زەبروزەنگ دامەزراوە و توندوتیژ بووە لەدژی مرۆڤەکان، لەدژی سۆزو بیر و زەینیان، لەدژی هیوا و هەوڵی ئەوان لە پێناو باشکردنی ژیان و جیهانی خۆیاندا، ناسنامەیەکی بنەڕەتی کۆمەڵگای سەرمایەداریە. خودی ئەوەی کە لەم سیستەمەدا، جیاکاری چینایەتی و نادادپەروەری کۆمەلایەتی هەیە و کرێکاران وجەماوەری مەحرومی کۆمەڵگای خستۆتە بەرامبەر بەچینی دەسەڵاتدارەوە و ڕێگای نەک هەرئەوەیان پێنادرێت کە بۆ باشکردنی ژیانیان و کەمکردنەوەی بێدەرەتانیەکانی ژیانیان، سود لە یاسا و نیهادە دەوڵەتی و کۆمەڵایەتیەکان وەرگرن، بگرە هەرکاتێک بەرگری لەخۆیان بکەن، یان داخوازیەک بەرزبکەنەوە، ئەگەر لەگەڵ توندوتیژی و سەرکوت بەرەوڕو نەبنەوە ئەوا ڕێگەیان پێنادریت و بەهەزارو یەک ئەماو ئەگەر، ناچاریان دەکەن ملکەچی بڕیارەکانی چینی دەسەڵاتدارەکان ببن.
بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەلگایەکدا چۆن دەکرێت ئەگەر پێشوەختە لەسەر بنەمای توندوتیژی دەولەتی دامەزرابێت؟ چۆن جەماوەری کرێکار ومەحرومانی کۆمەلگا لەدەست ستمە و چەوسانەوە، هەژاری و سەرکوت، بێکاری و ناعەداڵەتی کۆمەلایەتی ڕزگاریان دەبێت؟

لە ڕژێمەکانی دیموکراتی ڕۆژئاوایی ئەورپا و ئەمریکا، ڕێگە بە مانگرتن وخۆپیشاندان وڕێکخراوبوون تا ڕادەیەک فەراهامکراوە، خەڵک مافی دەنگدانی هەیە لە هەڵبژاردنەکانیاندا، بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە داوای ڕوخاندنی سیستەم بکات، داوای لابردنی بنەماکانی دەستووری ئەو سیستەمە بکات. هەروەکو پێشتر باسمان کرد، سیستەم سەرمایەداریە، دەستوور وهەڵبژاردن، مافەکان، لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدایە، هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر سیستەمەکە وهەوڵدانی بۆ لابردنی دەچێتە

چوارچێوەی تاوانەوە، هەر جوڵانەوەیەکیش بەم ئاراستەیە دەچێتە ڕیزی تاوەنبارییەوە و سزا دەدرێت. دەتوانین نمونەیەک باس بکەین، لەووڵاتی شیلی سیلفادۆر لەندی و پارتەکەی کە چەپ بوون وتەنانەت کۆمۆنیستیش نەبوون، کاتێک لە هەڵبژاردنی گشتیدا سەرکەوتن بۆ دەسەڵات وتوانیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵام کاتێک ویستیان هەندی یاسا لەبەرژەوندی گشتیدا دەربکەن، ئەوەبوو لەشکری سەرمایەداران بە فڕۆکە بۆمبابارانی کۆشکەکەی کرد وهەر هەموویانی لەناوبرد.

ئەگەر چینەداراکان بەخواستی خۆیان و بەئامۆژگاریکردن دەست لەدەسەلات و سیستەمەکەیان بەرنادەن، ئەگەر پەرلەمان و هەڵبژاردن، تەنها کێبڕکێ ئەم یان ئەو حزب و باڵی نێوخۆی چینە دارکانی کۆمەلگا بێت و پایەکانی نایەکسانی و ستمەگەری بهێڵێتەوە، چ ڕێگایەک لەبەردەم مرۆڤی چەوساوەدا دەمێنیتەوە، جگە لە دەست بردن بۆ شۆڕش و ڕاپەڕێن، جگە لە بەکارهێنانی توندوتیژی شۆڕشگێرانە بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی باو و ئەو ستەمگەریەی کە هەیە؟ ئەگەر مافی شۆڕشکردن بەمافێکی جەماوەری زەحمەتکێش بۆ گۆرانی کۆمەڵگا و ڕزگاربوون مافێکی ڕەوای چینە چەوساوەکان بێت ئەوا دەست بردنی ئەوان بۆ توندوتیژی شۆڕشگێران بۆ ئەم ئەرکەش، کارێکی ڕەواو دادپەروەرانەیە. لەلایەکی تریشەوە، خودی ئەوەی کە توندوتیژی بەشێکە لەبونیاد و سەرخانی کۆمەلگای سەرمایەداری وپێشوەختە لەشێوەی دەولەت و سوپا و جەنگ و تیرۆر و دەیان نیهادی تردا ڕێکخراوە، جەماوەری چەوساوە بۆ کۆتایی هێنان بەم دیاردەیە و هەڵوەشانەوەی نیهادەکانی، ناچارە دەست بەریت بۆ توندوتیژی. بەواتایەکی تر مادام کە میکانیزمەکانی کۆمەلگا توندوتیژی هێناوەتە کایەوە، کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و نەهیشتنی بەخودی هەرئەم میکانیزمە کۆمەلایەتیە دەبێت. بەتایبەتی چونکە زەبروزەنگ و توندوتیژی مافێکی ڕەوای دەستی چینە داراکانی کۆمەلگایە بۆ ڕاگرتن و هیشتنەوەی سیستمەی باو، بەهەمان شێوەش مافێکی ڕەواو بۆ چینە ژێردەستەکان شۆڕش بکەن و دەست بۆ زەبروزەنگی چیانیەتی لەدژی دەوڵەت و ئامرازەکانی توندوتیژی وسەرتاپای سیستمەی دەسەلاتداریێتی بەرن.

# شۆڕش وتوندوتیژی

شۆڕش کردەیەکی کۆمەلایەتیە و لە درێژبوونەوەی ناکۆکی و ململانێی چینایەتیەکاندا سەرهەڵدەدات. واتە شۆڕش وەک بورکانێک وایە لەسروشتدا ولەدەرەوەی زەین و فیکری ئینسانەکاندایە. شۆڕش هەروەک ئەوەی قانونمەندی خۆی هەیە لە میژوودا لەهیچ شۆڕشێکی تر ناچێت، وگۆڕانکاری لەکۆمەلگادا بەدوای خۆیدا دێنیت. جا یان گۆڕانکاریەکان سیاسین و ئاڵوگۆر لەسیتەمی سیاسی، یاسای، وفەرهەنگیدا جێدەخات، یان ئەوەتا گۆڕانکاری ڕیشەیی سیستەمی ئابوری و بەرهەمهێنانەوەی بەدوادا دەبێت.

ئەوەی یەکەمیان زیاتر بە"شۆڕشی سیاسی" و ئەوەی دوەمیشیان بە" شۆڕشی کۆمەلایەتی" ناو دەبرێت. بۆنمونە شۆڕشە بۆرژوازیەکان کۆمەڵگا دەرەبەگیەکان گۆڕی بۆ کۆمەلگای سەرمایەداری، لەمەشدا نەک هەر سەرخانی سیاسی گۆرانکاری تێداکرا، بەڵکو سیستەمی ئابوری و شێوازێکی تری بەرهەمهینانی جێخست. لە شۆڕشە دیموکراسیەکانیشدا، کە ڕژێمە سیاسیە دیکتاتۆری تاک حزبی وبنەماڵەییەکانی گۆڕی بۆ پەرلەمانی و فرەیی، گۆڕانکاریەکی سیاسی لەسەرخانی کۆمەلگادا پێکهێنا. لەهەردوو بارەکەشدا ئەو ڕاستیە بەرجەستەیە کە توندوتیژی بابەتێکی لێکدانەبڕاوی شۆڕشەکان بووە.

لەم نیوەندەدا بۆچونێک هەیە کەپێی وایە دەتوانریت شۆڕش بکەیت وخوێنیشی تێدا نەڕێژرێت، ئەمەشیان ناوناوە"شۆڕشی سپی". بەڵام ئەمە تەنیا وەهمێکە و شیعارێکی ئەخلاقیە کە لەلایەن ڕۆشنبیرانێکەوە دەخرێتە ڕوو، کە واقعیەتە کۆمەلایەتیەکان وسروشتی ئەو دەسەلات و سیستەمەی لەسەر زەبروزەنگێکی ڕیکخراو دامەزراوە، پشت گوێ دەخات. تەنانەت زۆر جار ئەم بۆچوونە بۆ خزمەت بۆ بەرژەوەندی چینە دەسەڵاتدارەکان بانگەشەیان بۆکراوە ، لەمیژوشدا نمونەی شۆڕشێکی بەوجۆرەمان نەبینیوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەخلاق دروستبووی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانە وشتێکی جێگیر نییە. بەرگری لەخۆکردن لەکاتی دەستدرێژی کردنەسەردا، شتێکی ڕێگەپێدراو و حاشاهەڵنەگرە، بەکارهێنانی توندوتیژی لەپێناو لابردنی دەسەڵاتێکی

سەرکوتگەر، کە زۆرینە دەچەوسێننەوە، ئامادە نین دەست هەڵگرن، ئەمە شتێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو سیاسیە.

کاتێک باس لە شۆڕش دێتە ئاراوە مارکسیزم و چینە زەحمەتکێشەکان دەخنە ژێر فشاری ئەخلاقییەوە، کە نابێت دەست بۆ شۆڕش بەرن، چونکە توندوتیژی و کوشتار برەوپێدەدەن، بەڵام پشتی ئەم بۆچونە سیاسەتێکە کە داکۆکی لە سیستەمی باو دەکات، دەیەوێت مافی شۆڕش و دەستبردن بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگا لە کرێکاران و چینی زەحممەتکەش بسەنێتەوە، لەکاتێکدا ئەوە دەوڵەت وچینە دەسەڵاتدارەکانن کە بەخوێناویترین شێوەوە دەست بۆ توندوتیژی دەبەن، جەنگ و تیرۆر و کاولکاری، پێکدادانی سەربازی نێوان دەوڵەتان، هیچ کاتێک بڕیاری خەڵکیان لەسەر نەبووە و ڕاستەوخۆ دەوڵەت و چینە دەسەڵاتدارەکان دەستیان بۆ بردووە. کەوایە ئەگەر مەسەلەکە ئەخلاق وماف بێت، دەبێت لەپێشدا ئەم ئەخلاق و مافانە لەوان بسەندرێتەوە، تا توندوتیژیە بەردەوامیەکانیان ڕابوەستێنرێت.
ئەگەر مەسەلەکە ماف، ئەخلاق، و سیاسی نییە، ئەوە چ ماف و ئەخلاقێکە کە مرۆڤەکان دەباتە بەردەم دادگا و یاساکانیان، یاسای دەستبڕینی دزی، بەردەبارانکردنی ژنان، زیندانیکردنی خۆپیشاندەر، لێگرتنەوەی ئابووری، توندوتیژی لەبەرانبەر منداڵان، لەسەرکار دەرکردن، سزای کرێکاران لە کارخانەکاندا، کەمکردنەوەی خزمەتگوزاری گشتی.....هتد ئایا ئەمانە توندوتیژی ئاشکرا و فیزیکی و دەروونی ئاشکرا نییە؟ بۆچی ڕێگاپێدراوە و مەحکوم ناکرێت؟ ئەوان توندوتیژی سیاسی کە شۆڕشی لەپشتەوە بێت مەحکوم دەکەن، کاتێک خەڵک دەستی بۆ دەبات، بەڵامئەو توندوتیژییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەی و تەنانەت سیاسی کە جەنگەکان هەڵدەگرسێنێت مەحکوم ناکەن، بەمافی دەوڵەتی دەزانن. ئەوان ئەو توندوتیژییە مەحکوم دەکەن کە لەلایەن جەماوەری چەوساوە بۆ ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە دەستی بۆ ببرێت. لەیەک ووتەدا بەمانای ئەوەی توندوتیژی یاسای ڕێگە پێدراوە.
لیبراڵەکان کە ناتوانن شۆڕش بە گشتی مەحکوم بکەن، وەک ئەوەی هەڵگری جۆرێکە لە توندوتیژی بەو بەڵگەیەیە، کەخۆیان لەڕێگای شۆڕش لە دژی دەربەگایەتیەوە بە دەسەڵات گەشتوون، لەمەشدا مەبەستەکە مەحکومکردنی شۆڕشی چەوساوەکانە کە لە دژی سیستەمی لیبرالی و سەرمایەداری دێتە کایەوە.

کاتێکیش باسی ئەخلاق دەکەن بۆ پاساوکردنی جەنگە کاولکاریاکانیان، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە "قازانج و زەرەر" سەروەر بێت. "ئێمە جەنگ وەک توندوتیژیەک مەحکوم ناکەین، چونکە قازانج لەوەدایە بەر جەنگێکی کاولکارانە و خوێناویتر دەگیرێت. بەم جۆرە لیبراکان لایەنگری شۆڕشی بۆرژوازین لە دژی دەرەبەگایەتی و بەکارێکی ئەخلاقی ناوی دەبەن. ئەوان شۆڕشی فەرەنسا کە بۆ ئازادی بووە، بە ئەرێنی ناویدەهێنن، بەڵام شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بۆ نان بوو بە نەرێنی و بە کودەتا ناوی دەبەن. ئەمە دووڕووی لیبرالەکانە لەبەرانبەر شۆڕش و توندوتیژدا، لەلای ڕەوتە بۆرژوازیەکانی تریش دەبینرێت.

ئیسلامی سیاسی کاتێک شۆڕش بە گەیشتنی ئاخوندە و مەلاکان بەدەست دەهێنێت، دەڵێن ئەوە شۆڕشی"موستەعزەفینە" وکاتێکیش کە جەماوەر لەدژی سەرکوتگەری دەسەڵاتەکەی ڕادەپەڕێت، دەڵێن ئەوە شۆڕشی کوفار و هەڵەگەڕاوەکانە لە خودا. ڕەوتە ناسیونالیستیەکانیش دەڵێن" شۆرشی ڕزگاری نیشتمیانی و نەتەوە بەرهەقە" تا خۆیان بەدەسەڵات دەگەن، بەڵام کاتێک هاوڵاتیانی ژێر دەستیان لە دژی برسێتی و سەرکوتگەری ڕادەپەڕن، دەڵێن" ئاژاوەگێڕی دەرەکییە" و " لادان لە ئەزمونەکەمان خەتی سوورە".
هەموو ئەم ڕەوتانە شۆڕش و توندوتیژی خۆیان پێ ڕەوایە، تەنیا ئەوە شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشانە کە مەحکومە، چونکە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە! بەم جۆرە شۆرش و توندوتیژی شۆڕشگێڕانە لە پێناو ڕزگاری مرۆڤی ژێردەستە کارێکی ناچاری و لەهەمان کاتدا پێویستە، ڕاستیە کۆمەڵایەتیی و چینایەتیەکانیش لە مێژوودا هەر ئەمەی سەلماندووە، و دەیسەلمێنێتەوە.

# ماركسیزم وتوندو تیژی

ماركسیزم تیۆەری شۆڕشی كۆمەلایەتی چینی كرێكارە بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی ڕیشەیی كۆمەلگای سەرمایەداری كەلەسەر كاری بەكرێ و ستمەگەریەكی فراوان دامەزاروە. پیویستی ئەم شۆڕشە ڕێگایەكە بۆ رزگاری ئینسان وگێرانەوەی شكۆی ئینسان بەجۆرێک كەپێشكەوتنی كۆمەلگا، مەرجێک بێت بۆ شكۆمەندی و بەختەوەری تاک. لەماركسیزمدا " شۆڕشی توندوتیژانە" ئەسڵیک نیە وئەمیان پەیوەندی بەودۆخەوەیە كە شۆڕش تێیدا بەرپادەكرێ. بەلام واقعیەتی ئێستا كەمیكانیزمەكانی دەسەڵاتی سیاسی وئابوری قانونی و فەرهەنگی پاڵی داوە بەماشێنێكی فراوانی زەبروزەنگانەوە، كەدەولەت و سوپاو پۆلیس و زیندان ودەستبردن بۆجەنگ وسەدان نیهادی تر، چۆن دەكرێ دەست بەشۆڕش ببرێت. ئەمە جگەلەوەی كەچینێكی دەسەلاتدار حوكم دەكات كەتا دانەكانی چەكدارە بەچەكی كۆكوژی وسەدان دەزگای سەركوتگەر، كەئەگەر بەكار بهێندرێت جۆگەلەی خوین بەڕیدەخات؟ ئایا دۆخێكدا چینە داراكان ئامادەن دەست لە دەسەڵات و سیستەمەكەیان هەڵگرن و لەڕێگای هەڵبژاردن و ئامۆژگاری ئەخلاقی و خێرخوازانەوە تەسلیم بەچینی كرێكار و زەحمەتكێشی بكەن. ئایا مێژوی مرۆڤایەتی نمونەی لەم جۆرەی نیشانداوە؟

ماركسیزم ئەو واقعیەتە دەبینێ كەتوندوتیژی لەمێژوودا ڕۆڵی گێراوەو ئیستاش ڕۆڵ دەگێڕێ بۆیە دەبێ بەشیوەیەكی واقعی مامەڵەی لەگەڵ بكرێ. واتە ماركسیزم توندوتیژی بەگشتی و توندوتیژی شۆڕشگێرانە بەتایبەتی تەقدیس ناكات. ئەگەر بەدەست ماركسیستەكان بێت، هیچ كەس نەكوژرێو هیچ كەس ئازار نەكێشێ، بەلام ئەوە سروشتی دەولەتو چینی دەسەلاتدارو سیستەمەكەیەتی كەكرێكاران ناچاردەكات بەدەستبردن بۆ توندوتیژی شۆڕشگێرانە تا ئاڵوگۆر پێک بهینێ. ماركسیستەكان نایشارینەوە كەبۆ سەرخستنی شۆڕشی چیانیەتی كرێكاران، ناچارن دەست بۆ توندوتیژی بەشیوەی چینایەتی خۆیان بەرن. ئەمەش داهێنراوێكی ماركس نیە، بەلكو ئەوە جەماوەری ڕاپەڕیوە كە ناچاردەبن لەكردەوە شۆڕشگێریەكانیاندا، دەست بۆ

توندتیژی لەدژی دەسەلاتداران بەرن. مارکسیستەکان لەهەر ئالۆگۆڕیکی کۆمەلایەتیدا، ئەرکیان ئەوە نیە کەمەوعیزەی ئەخلاقی بدەن بەچینە چەوساوەکان وبەر بەپێشڕەوی جەماوەر و داهێنانە شۆڕشگێڕیەکانیان بگرن تا بەلایەنگری توندوتیژی تۆمەتباریان نەکەن، بەلکو بەلای ئەوانە گرنگە کە جەماوەر ڕابهێنن و هوشیاریان بکەنەوە لە چ هەلومەرجێکدا وبەچ ئاستێک ولە چ شیوازێکدا، لەپیناو رزگاری خۆیاندا دەست بۆ توندوتیژی بەرن.

مارکسیزم بەپێچەوانەی ئانارشیستەکانەوە هیچ جۆرە توندوتیژیەک تەقدیس ناکەن، بەڵکو مامەلەیەکی واقعی و عەقلانی وئامرازی لەگەڵدا دەکەن. واتە توندوتیژی ئامرازیکی ئەعلانی دەستی چینی کرێکارە کەلەیەک سەردەمی دیاریکراوی شۆڕشگێرانەدا ولەشیوازێکی گونجاودا و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کەلەباری مێژوویەوە بۆتە بابەتێکی ناچاری تەئید دەکەن. دروست هەروەک ئەوەی کە ئێمە مارکسیتەکان لەهەر نارەزایەتیەکی کرێکاریی وجەماوەریدا کرێکاران و خەلک بۆ مانگرتن و راپەڕین بانگەواز ناکەین. دروست وەک ئەو مامەڵەیەی کە مارکس لەسەردەمی کۆمۆنەی پاریسدا کردی وهوشداری دا بەکرێکارانی پاریس کە یاری بەشۆڕش نەکەن وهێشتا کە مەرجەکانی سەرکەوتن ئامادە نییە خۆپارێزی بکەن. کاتێکێش کۆمۆنەکان شۆڕشیان بەرپاکرد مارکس بەوردبینیەکی زۆرەوە ڕێنمای پێویست و بایەخداری لەسەر شۆڕشکەیان خستەڕوو. لەم روانگەیەوە مارکسیستەکان لەبزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جەماوەریەکانداو لەسەردەمانی شۆڕشدا، دەست نابەن بۆ بانگەواز و پروپاگەندی بێمەرجی بۆ توندوتیژی، وەک ئەوەی ئەنارشتەکان پێیان وایە، "تاکتیەکەکان تا توندوتیژانەتربێت، جولانەوەکە زۆرتر ڕادیکاڵ وشۆڕشگێرانەن". بەلام مارکسیستەکان ئەوە ناشارنەوە کە لەو کاتانەدا کە بەدەستهێنانی گۆرانکاری لەژیانی کۆمەڵگادا، پیویست بکات، دەستی بۆدەبەن. هاوکات مارکسیتەکان پێیان وایە هەرچەند شۆڕشەکان، ڕیکخراوترو جەماوەری تربێت، هەرچەند واقعیانە هێزەکانی شۆڕش ودژە شۆڕش وقابیلیەتی چینەکان بناسرێ و تاکتیکی دروست لەبەرەوپێشبردنی خەباتی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار وجەماوەری چەوساوەدا، بەدەستەوە بگیرێت، بەو ئەندازەیەش توندوتیژی کەم دەبێت. چونکە توندوتیژی لەلایەن جەماوەرەوە، پەیوەندی بەکاردانەوەی دەوڵەت و هێزەکانی دژی شۆڕش و چینە دەسەڵاتدارەکانەوەیە. نمونەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کەقوربانیەکانی لەدە بۆ دوانزەکەس زیاتر نەبوو، بەوهۆیەوەبوو کەشوراکانی

پەترسپۆرگ ومۆسكۆ هێندە بەهێزو ڕێكخراو وجەماوەری بوون، دەستی چینی دەسەڵاتداری بەست كەبەرگری توندوتیژی لەخۆی بكات، ئەمەش ڕاستی ئەو بۆچونە دەسەلمێنی كەلێرەدا ئاماژەمان بۆكردووە. بەم جۆرەش هێنانەخوارەوەی ئاستی توندوتیژی و كەمكردنەوەی لەبەرەو پێشبردنی ڕیزەكانی شۆڕشدا، ئەسڵێكە كە ماركسیتەكان پێداگری لەسەردەكەن.

# کۆتایی

باسەکە کورت بکەیەنەوە دەتوانین بڵێین توندوتیژی بەرئەنجامی ئەخلاقی تاک وباوەرەکانی نیە بەلکو بەرئەنجامی جێگای تاکە لەپێکاهتی کۆمەلایەتیدا، لەسیستەمە ئابوری و سیاسیەکاندا. بەداخەوە کە توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، تا ئەوکاتەی سیستەمێک کە لەسەر توندوتیژی راوەستابێت، تاکەکانیشی لەسەر پەروەردەدەبێت. لەکۆمەلگای سەرمایەداری ئێستادا، مرۆڤەکان بەئازادی خۆیان ناتوانن هەڵسوکەوتیان دیاری بکەن بەلکو ئەوە ساختاری سیاسی، یاسایی سلوکیان دیاری دەکرێت، ئەگەر سیستمەکە توندوتیژبێت بەدڵناییەوە ئەوانیش گیرۆدەی دەبنو پێی باردەهێندرێن. تاکێک کەنەتوانی بەئازادی کار بەدەست بهێنی وکاتێکیش کاری دەستکەوت ئیجباری بێ وڕەنجی بدزرێت، ئیتر چۆن هەڵگری توندوتیژی نابێت. لەمەش زیاتر کاتێک تاک لەگەڵ فشار و زۆری دەولەت و دەسەلات بەرەوڕوبێت کاتێک کە یاسای دژی ئازادی و سەرکوتگەری زیندان و سوپا و پۆلیس بەرەوڕویبێت و لێگرتنەوەی ئابوری بەسەر سەریەوەبێت، ئیتر چۆن ئالودە بەتوندوتیژی نابێت. لەیەک وتەدا کاتێک کاری زۆرەملێیی تاک لەقاڵب بدا و وشیاریش بێت بەوەی کەبەپێی کارەکەی لەداهات و نازو نیعمەتی کۆمەلگا بەهەرەمەند نییە، ئیتر چۆن توندوتیژ نابێت. بەم جۆرە ئەوە پێکهات و سیستەمی کۆمەلایەتیە کە لەپێشەوە ڕەفتارو باوەڕ و سلوکی تاکی دیاریکردووە. کەوایە ئەگەر بڵێین نایەکسانی سەرچاوەی توندوتیژیە، دەستڕانەگەیشتنی مرۆڤەکان بەتواناکانی دەسەلات و زەوتکردنی ئازادی و مافەکان سەرچاوەی توندوتیژیە، ڕاستمان وتوە.

دیارە توندوتیژیەک کەهەم چینی بالای دەسەلات و هەم چینی خوارەوەی کۆمەلگاش دەستی بۆدەبات. بەلام کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی گرێدارەوە بەپێکاتی کۆمەڵگا و سیسەتمی باوە.

دەوترێت "توندوتیژی غەریزەیەکە لە مرۆڤەکاندا، مرۆڤ وەک ئاژەڵ هەستی هێرشکردن و توندوتیژی تێدایە وهەر لەسەرەتاوە دڕەندە بووە. دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی خۆڕسکییە لە مرۆڤەکاندا لە پێکهاتەی بیۆلۆژی وسایکۆلوژی مرۆڤەکاندا

بوونی هەیە، تاکی مرۆڤەکان هۆکاری توندوتیژی خۆیانن، توندوتیژی دیاردەیەکە لەگەڵ مرۆڤاکاندا هاتووە لەکاتی دروستبوونیانەوە، ململانێیی چینایەتی نییە وبوونی نییە، هەمووان لەبەردەم یەک چارەنووسداین، ئەمانە و گەلێکی تریش پەیام وشیکردنەوەی چینی دەسەڵاتدار و فەیلەسوفەکانێتی. بەڵام ئایا ئەمانە تاچەند دروستن؟ یان ئەوانەی خاوەنی ئەو لێکدانەوانەن، چ پاساویان بۆ بۆچوونەکانیان هەیە؟ یان لەو ڕاستەیەدا چەند خزمەتیان بە نادادپەروەری کۆمەڵگا کردوە؟ لەژێر تیۆری و بۆچوونەکانیان چۆن بەرگریان لە سیستەمی باوی نادادپەروەرانە کردوە؟".

سەرەتا ئەوانەی مرۆڤ لەڕیزی ئاژەڵدا دبیننەوە، یان توندوتیژی بە سیفاتی خۆرسکی و مرۆڤەکان بە دڕندە دەزانن، هیچ ڕاستیەکی زانستی وواقعیی تێدا نییە، ئەمە سەرلێشێواندنێکە نەک ڕاستی، ئەمە بەلاڕێدابردنی مرۆڤەکانە لەڕێگای ڕاستیەوە. بەتایبەتی کە مرۆڤەکان بەبێ هیچ ناسنامەیەکی چینایەتی وئایدیۆلۆژی و هیچ سلوکێکی خراپەوە لەدایک دەبێت، ئەوە سیستمە کۆمەلایەتیەکانە، کەلەسەر بنەمەی جیاکاری چینایەتی، ناسنامەی نەتەویی، ئاینی، ئایدیۆلۆژی وچینایەتی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت.

زۆرێک توێژینەوەی زاستی هەیە کە بەبەڵگەوە ئەوە دەسەلمێنن کە زۆربەی زۆری ئاژەڵەکانیش خۆیان توندوتیژ ودڕندە نین، تەنیا لەچەند حاڵەتێکدا نەبێت ئەوەش لەکاتێکدا کە هەست بەمەترسی دەکەن، یان دەیانەوێت پارێزگاری لەخۆیان بکەن لەکاتی هێرشدا لەسەریان، یان لەو کاتانەی کە برسیانە ودەیانەوێت خواردن بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. بەمانای ئەگەر ئاژەڵەکان خواردنیان مسۆگەر بێت وهەست بە مەترسی نەکەن، ئەوا هێرش وتوندوتیژی ناکەن لەگەڵ بەرانبەرەکانیاندا.

دەتوانین ئاماژە بەڕاستییەک بکەین، کە بەهێزترین توندوتیژی کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵدا و تاکو ئێستاش بەردەوامە، توندوتیژی چینایەتی لە شێوەی دەوڵەت و ئامڕازەکانیدا بووە. هەرچەندە ئەمە لەلایەن ڕۆشنبیرانی بۆرژوازی و چینی دەسەڵاتدارانەوە شرۆڤەیان بۆی جیاوازە، ئەوان ئەوە بە ڕەوا دادەنێن، کە دەڵێن ئەوە بەتەنیا مافی دەوڵەتە کە توندوتیژی بەکاربهێنێت، دەڵێن یاساکان لەسەرو هەمەموو شتێکەوەیە، یاساکانیش بۆ پیادەکردنی پێویستی بە توندوتیژیە، ئەوەشی بەرگری لە یاساکان دەکات، دەوڵەتە، هەرئەویشە ئەو مافەی هەیە کەلەلایەن هاولاتیانەوە پێیبەخشراوە، یان مافێکی تاکەکانە کە لە کۆمەڵگادا دەستی لێهەڵگرتوە

وبەخشیویەتی بە دەوڵەت، دەوڵەتیش لەبەکارهێنانی مافی ڕەهایی هەیە. لەبەرانبەردا ئەوان ناچنە سەر خودی ماهیەتی دەوڵەتەکە کە لەخزمەت چ چینێکدایە. زۆر جار هەڵەگەڕانەوەش لەو دەوڵەتە دەخرێتە ڕیزی تاوانەوە، هەر وەکو ئەوەی فەیلەسوفی فەڕەنسی کانت دەیڵێت: کە خرۆشان وشۆڕش لەسەردەمی حوکمی کۆماریدا تاوانە. بۆیە ئەبێت دەوڵەتی کۆماری بە زەبر بەرەورووی ببێتەوە، دەبێت دەوڵەت مافی ڕەهای هەبێت بۆ مانەوەی یان بۆ دەسەڵاتی مرۆڤایەیەتیەکەی. خەڵک و تاکەکان مافی بەکارهێنانی توندوتیژیان بەرانبەریان نییە لەو نێوەدا، لەبەرئەوەی دەستوور هەیە ومافی خەڵکە ئەو دەستووورە دابنێت. یان ئەوەی ماکس فیبر ئاماژەی پێدەکات، کە بناغەی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکارهێنانی توندوتیژیە، ئەوە تەنیا دەوڵەتە کە ئەو مافە ڕێگەپێدراوەی هەیە کە توندوتیژی بەکاربهێنێت لە پێناو کۆنترۆلکردنی تاکەکاندا لە کۆمەڵگادا. نەبوونی دەوڵەت بەمانای فەوزا، توندوتیژی تەنیا ئامڕازێک نییە بەدەستی دەوڵەتەوە، بەڵکو ئامرازێکی یاسایی دەوڵەتە. ئەمش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە گەل پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بەستووە لەگەڵ دەوڵەت، بەپێی ئەو پەیمانە ئەو مافەی وازلێهێناوە وداویەتی بە دەسەڵات کە بەکاریبهێنێت، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دەبێت لەڕێگای هەڵبژاردنەوە بێت.بەوەش توندوتیژی تەنیا پەیوەندی بەدەوڵەتی دیموکراسیەوە هەیە، کە هەوڵ دەدات جڵەوی دەستبەسەرداگرتنی توندوتیژی بکات. بەمانای ئەوەیدەبێت دەست بە توندوتیژیەوە بگرێت، چونکە توندوتیژی یەکێکە لە ئامڕازە گرنگەکان بۆ هەموو کارێکی سیاسی سەرکەوتوو. واتە توندوتیژی پایەی بەردەوامی دەوڵەتە.

لیبرلەکان لە دوای شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسیەوە وتاکو دوای، وای بۆدەچن کە ڕاستە توندوتیژی مافی دەوڵەتە کە بەکاربهێرنێت بۆ پاراستنی سیستەم، بەڵام دەبێت ئەو سیستەمە دیموکراتی بێت وئازادی وئاڵوگۆڕی دەسەڵات فەراهام بکات. بەڵام ئایا باسی ئازادی ومافی هەڵبژاردن وسیستەمی پەرلەمانی وسەرۆکایەتی دەبێتە پاساوێک بدرێتە دەست دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرانبەر تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگادا؟ وەڵامی ئەمە لە هەندێ بیروبۆچوونی جیاوازی تردا دەردەکەوێت، بەوەی دەوڵەت دەستگایەکی ڕێکخراوی چینی باڵادەستە ومولکدارەکانە لەپێناو پاراستنی لە چینی ژێردەستە. واتە بنەمای مافی پارێزراوی تاکەکانی کۆمەلگا لە دەوڵەتەکانی مێژوودا بەوە پێوراوە کە خاوەنی چەندی وچەندت هەیە؟. کەواتە مەسەلەی گرنگ کە مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ویەکسانی لە دابەشکردنی سامان وداهاتی

کۆمەڵگاونەمانی چەوسانەوەی زۆرینە لەلایەن کەمینەیەکی کەمەوە کەخاوەن هەموو شتێکن، ناچێتە ناو مەسەلە سەرەکیەکەوە، کە خۆی لەخۆیدا مەسەلەی بنەڕەتیە لە کێشەکەدا وسەرچاوەی سەرەکی نەهامەتیەکانە کە توندوتیژی لێوەی سەرهەڵدەدات.ئەوانە پێشوەخت سیستەمێکیان بۆخۆیان یەکەلاکردۆتەوە و چەسپاندویانە، هەتاهەتایی لێی دەڕوانن، لەسەرو ئەو سیستەمەوە هاتوون دەستور ومافی کەس و هەڵبژاردن و پشکی مرۆڤەکانیان لەو سیستەمەدا دیاریکردوە.

لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەوڵەتە جیاوازەکان مافی توندوتیژیان بەکارهێناوە بەچەندین شێوە، هەرچەندە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەهۆی نارەزایەتی وهاتنە مەیدانی خەڵک، شۆڕشەکانی خەڵک و ئیرادەی پێشکەوتوخوازانی جیهانەوە، توانرا تا ڕادەیەکی کەم دەستی دەوڵەت بگرن لە بەکارهێنانی توندوتیژی، توانیان چەند یاسای بەسەر دەوڵەت و چینی دەسەلاتدار بسەپێنن بۆ ئەوەی سنورێک بۆ توندوتیژیەکانی دابنێن.

مارکس بنبڕی توندوتیژی لەکۆمەڵگادا بە نەمانی نیزامی کاری بەکرێ و چینەکان ونەمانی مۆڵکداریەتی تایبەتیدا دەبینێتەوە، کە لەو کۆمەڵگا بێ چینەدا مرۆڤەکان پێویستیان بە توندوتیژی نامێنێت لەبەرانبەر یەکتردا بیکەن. بەڵام مارکس بۆ نەمانی چینەکان ولەناوبردنی موڵکداریەتی تایبەت، ڕێگای شوڕشگێرانە وشۆڕشی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار هەڵدەبژێرێت، کە لەوێشدا توندوتیژی لەبەرانبەر توندوتیژی چینە دەسەلاتدارەکاندا ڕوودەدات، کە ئامادەنین واز لەتوندوتیژی خۆیان بێنن بۆ مانەوەو پاراستنی دەسەلاتی خۆیان. بۆیە چینی ژێردەستە لەناچارایدا پەنا دەباتە بەر توندوتیژی لەپێناو دانانی سنورێک بۆ وەحشیگەری سەرمایەداران و دەسەلاتەکەیان.

دەتوانین بڵێن لەڕاستیدا نە توندوتیژی بەشێکە لەسروشتی مرۆڤ، نەجوڵێنەری مێژووشە، نە بنەمای چەوسانەوەی چینایەتیە. توندوتیژی وبەتەنیا ئامرازێکە بۆ مانەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی، ئامرازێکە بۆ بەجێگەیاندنی چاوچنۆکی چینە سەرکەوتوەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەمەش توندوتیژی ناتوانێت ڕاڤەی مێژوو بکات، بەڵکو ئەوە مێژووە ڕاڤەی توندوتیژی دەکات، لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەرەوپێشچوونی شێوەکان بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن

مرۆڤەوە، دەتوانیت بەوە بگەیت کە چۆن توندوتیژی ڕێکخراو پێویستیەک بووە لە قۆناغە تایبەتیەکاندا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێک کە ئۆبژێکتێڤیتی خۆی هەبووە.

دواجار دەبێت ئەوە بڵێین توندوتیژی سەرچاوەکەی سیستەمەی ئابوری و جیاکاری ململانێیی چینایەتییە، نەمانی چینەکان ململامنێی چینایەتی لەناو دەبات، لەناوچوونی ململانێی چینایەتی، توندوتیژی لەناو دەبات، لێرەشدا مێژوو شایەتی ڕاستی ئەوە دەردەخات. سەرەنجام دەبێت بەوە بگەین، لەگەڵ بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر مەسەلەی توندوتیژی و بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەگەر وەکو مرۆڤێکی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی بیربکەیەنەوە، ئەگەر لەناخی خۆشەویستی پاکی مرۆڤەکان بیربکەینەوە، هۆکارە سەرکیە دەرکیەکان دەستنیشان بکەین، ئەوانەی بە دەوری مرۆڤەکاندا بازنەیەکیان دروستکردوە و مرۆڤەکانیان بەرەوشوێنی تربردوە و لەئاماناجی ڕاستەقینەی خۆیانیانی دورخستۆتەوە، ئەگەر بیربکەینەوە، ڕۆژانێک بێت کە هەمووان هەموو شتیان هەبێت، هەموان خاوەنی هەموو شتێک بن، ئەوەی پێویستە بۆ ژیان پێکەوە بەرهەمی بهێنین وبەیەکسانی دابەشی بکەین، هەمووان بە بەپی توانای خۆیان و بۆ هەمووان بەپێی پێویستیان، دەتوانرێت جیهانێک دروستبکرێت کە قسەکردن لەسەر توندوتیژی و شەڕ وململانێی جێگایەکی نەمێنی، کەس پێویستی بە هیچ  جۆرە توندوتیژی نەمێنێت کە بەکاری بهێنێت لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا، واتە بنبڕکردنی تەواوی توندوتیژی. ئەمەش تەنیا خەیاڵێک نییە، بەڵکو ڕۆژێک دێت زۆرینەی کۆمەڵگا ئەو ڕێگایە هەڵبژێرن.

ئەو ڕۆژەش کاتێک دەبێت کە زۆرینەیە لە ڕێگای شۆرشی چینایەتی خۆیانەوە دەستدەگرن بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا ودیکتاتۆرێتی خۆیان بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێنادا زاڵ دەکەن، لە خاوەنداریەتی تاکەوە دەیگۆڕن بۆ خاوەنداریەتی گشتی و هاوبەش، لە ئەنجامیشادا دنیایەک لەدایک دەبێت، کە چینەکان نامێنێت، چەواسەنەوە وت وندوتیژی بنبڕدەبێت.

# ناوەڕۆک

١. پێشەکی
7........................................................................................

٢. دیاردەی توندوتیژی لە دوو بۆچووندا!
9........................................................................................

٣. ڕیشەی توندوتیژی لە کوێدایە؟
14........................................................................................

٤. کۆمەڵگا سەرەتاییەکان
17........................................................................................

٥. کۆمەڵگای کۆیلایەتی
18........................................................................................

٦. کۆمەڵگای فیوداڵی
20........................................................................................

٧. کۆمەڵگای سەرمایەداری
22........................................................................................

٨. ململانێی چینایەتی وتوندوتیژی
26........................................................................................

٩. دەوڵەت و توندوتیژی
30........................................................................................


١٠. کۆمەلگایەک بەبێ توندوتیژی!
35........................................................................................

١١. ئایا دەستبردنی زەحمەتکێشان بۆ توندوتیژی کارێکی ڕەوایە؟
37.........................................................................................

١٢. شۆڕش وتوندوتیژی
39.........................................................................................

١٣. مارکسیزم وتوندو تیژی
42.........................................................................................

١٤. کۆتایی
45.........................................................................................



# VIOLENCE IN CLASS SOCIETY

Kawa Karem